زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر

Salahaddin University-Erbil

# ریکلامی رادیۆ و تەلەفزیۆن

قۆناغی ٤


د.ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین

بەشی راگەیاندن

کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەدین


٢٠٢٣

# چەمک و پێناسەی ریکلام

بۆ دەستکەوتنی مانایەکی ورد و تەواو لەسەر چەمکی ریکلام، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ زانستی زمانەوانی و ئەو توێژینەوانەی لەسەر زانستی راگەیاندن کراوە، لەپێناو پێشکەشکردنی مانای ریکلام بەشێوەیەک گرنگ کە دەلالەت و بەکارهێنانی ئەو چەمکە دەربخات.

لەزمانی کوردی pریکلام بەمانای (بانگەشە، بانگەواز، جاردان، ئاگاداری، جارنامە، ....) هاتووە، لەزمانی عەرەبی وشەی (الاعلان) و لەهەندێک شوێن وشەی (اشهار) ی بۆ بەکاردێت، لەزمانی ئینگلیزی ووشەی (Advertising)ی بۆ بەکارهاتووە کە بەمانای سەرنجراکێشانی بەرامبەر یاخود کەسێک یان شتێکی دیاریکراو دێت، بەڵام وشەی (Reclam) وشەیەکی فەرەنسیە کە بەواتای هاوارکردن دێت.

بەپێی مانا زمانەوانیەکەی ریکلام بریتیە لەهونەری پیشاندانو دەرخستنی بیرۆکەو شمەکو خزمەتگوزاری بۆ باشترکردنی، ئەمەش لەپێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکی مادی بۆ ئەو کەسەی ریکەلامەکەی بۆ دەکرێت (خاوەن شمەکەکە)، لەوڵاتانی سەرمایەگوزاریو سۆسیالیستیەکانیشدا (ئیشتراکی) ریکلام ئەرکێکی دەزگاکانی راگەیاندنە، جا راگەیاندنی بیستراو، بینراو یاخود نووسراو بێت.

ریکلام بریتیە لەو هەوڵە ناکەسییەی کە بە (بەرامبەرێک) دەکرێت لە رێگەی دامەزراوەیەکی ریکلامییەوە بۆ خستنە روو، هەروەها بەبازارکردنی بیروبۆچوون و خزمەتگوزارییەکان، لێکدانەوەی سیاسەت و رووداوەکان و پێشکەشکردنی ئاراستە بەسوودەکان و بەکاردێت بۆ جەماوەر. لە گرنگترین ئامرازەکانی ریکلام : رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆن و سینەما و چاپەمەنی و بڵاوکراوەو لافیتە ئاساییەکانی سەر رێگاکان و وێنەکانی سەر دیوار .

ریکلام هەموو ئەو کارو چالاکیانەیە کە لەراگەیاندنی بینراو، بیستراو یان نوسراو، بڵاودەکرێتەوە بۆ جەماوەر بەئامانجی هاندانی بۆ کڕینی شمەک و خزمەتگوزاری یاخود بۆ ئاراستەکردنی بەمەبەستی قبوڵکردنی ناوەڕۆکی بیرۆکەیەک، کەسایەتیەک، یان دامەزراوەی راگەیەندراو .

لەچەمکی پەیوەندیکردنیشدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە شارەزایان ناکۆکن لەسەر گەیشتن بە پێناسەیەکی هاوبەش، بۆ ئەوەش توێژەران و رۆشنبیران چەندین جۆر پێناسەیان بۆ ریکلام کردووە بەو پێیەی دەبێتە هۆکارێکی پەیوەندیکردن لەنێوان دوو لایەندا.

لێرەدا چەند پێناسەیەک دەهێنین کە لەکاتە جیاجیاکاندا نووسراون و لەئاراستە جیاجیاو هەمە چەشنەکانی زانستەوە کاری لەسەر کراوە بۆ گوزارشت کردن لەواتایەکی گشتی و وردی ریکلام.

- ئینیسکلۆپیدیای فەرەنسی وا پێناسەی ریکلامی کردووە: کۆمەڵێک هۆکاری بەکارهێنەرە بۆ ناساندنی جەماوەر بە دامەزراوە بازرگانی پیشەسازیەکان، یاخود وا لەجەماوەر بکەیت بڕوای بەباشی بەرهەمی ئەو دامەزراوانە هەبێت و، بەیەکێک لەو ڕێگانە ئەو بەرهەمەی پیشان بدەی کەپێویستێتی .
- ریکلام پرۆژەیەکی گەورەیە، لەیەککاتدا خۆی لەخۆیدا پیشەسازییە، دروستکردنی جیاوازییەکی زۆرە بەدەستهێنانی ریکلامیش کارێکی ئاسان نییە و ئەتوانین بڵێین ریکلام لەهەموو شوێنێک هەیە لەبەرئەوەی خزمەت بە ئامانجێکی ژیاری دەکات .
- بەگشتی ریکلام "یەکێکە لە چالاکییەکانی بەبازارکردن کە زیاتر لەوانی دیکە قسە و باسی لەسەر کراوە" .

ریکلام پێناساندن و هەوڵدانە بۆ قبوڵ پێکردنی بەرهەم یان خزمەتگوزارییەک یاخود دەزگا و کەسایەتی و شوناسێکی فیکری بە شێوەیەکی ئیجابی، لەرێی کەناڵەکانی پەیوەندی جەماوەرییەوە لەبەرامبەر بڕێک پارەدا کە پێشتر دیاری کراوە .

- بریتییە لەپێناساندنی بەرهەم، کالآ یان خزمەتگوزاری و بیرۆکەیەک بەبڕێک پارە، بەمەرجێ فرۆشتنی روبەڕوو نەبێ و ئەو لایەنەش کە پارەکەی داوە ئاشکرا بێت.".

 فەرهەنگی لاروسی فەرەنسی دەڵێ :

ڕیکلام بریتیە لە بەکارهێنانی کۆمەڵێک ڕێگاوهۆکار بۆ ناساندنی دامەزراوێکی بازرگانی یا پیشەسازی، پیاهەڵدان و شیرین کردنی بەرهەمەکانیان .

 پیتەر شاندور فیری، دەڵێ:

بەکارهێنانی دەستاوێژێکە کە لە ڕێیەوە نامەیەکی ڕاگەیەنراو دەخرێتە بەر چاوی بینەران . [١٢]

-  کۆمەڵەی تەسویقی ئەمریکایی، دەڵێ:

دەستاویژێکی کۆمەڵییە بۆ پێشکەشکردن وپیاهەڵدانی هزر یا کاڵا یا خزمەت گوزاری لە ڕێی لایەنێکی دیاروئاشکراوە بەرامبەر بە کرێیەک .[١٣]

-  پرۆفیسۆر حەمیدمەولانا کە مامۆستای پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانە لە زانکۆی واشنتۆن لە بارەی ڕیکلامەوە دەڵێ :

ڕیکلام بریتییە لە چاپکردن وبڵاوکردنەوەی بیرۆکە و مەبەستێک کە هەوڵدەدا بۆ زیادکردن و پەرەدان بە کاڵایەک یان شتێک کە مەبەست لێی زۆر کردنی کڕیارە، یاخودلایەنگیری کردنە لە هەل و مەرج ، کات و شوێنی دیاریکراودا .

-  پێناسەیەکی تر :

ڕیکلام بریتیە لە پێشبینیکردن وئامادەکردنی پەیامەکانی بیستن و بینین کە بە هۆی دانی پارەیەک لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەیدا لە لایەن یەکێک یا چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندنەوە بڵاو دەکرێتەوە، دەگەیەنرێتە خەڵکی .

-  ڕیکلام بریتیە لە ناساندنی دام ودەزگایەکی ئابوری، پێشکەشکردنی زانیاری، وردەکاریەکانی بەرهەم بەو کەسانەی کە کڕیارن لە ڕێگای جۆراو جۆرەوە، مەبەستی کۆتایش لەو کارە بانگهێشتکردنی ئەو کەسانەیە بۆ کڕینی بەرهەمی ئەو دەزگایانە .

-  ڕیکلام بریتیە لە هەرجۆر و شێوەیەکی ناساندن بۆ بیرۆکەیەک، کاڵایەک، خزمەتگوزارییەک لە بەرامبەر پارەدا کە بەهۆی کەسێک یان دامودەزگایەکی دیاری کراوەوە ئەنجام دەدرێت .

**بەپێی ئەم چەند پێناسەی ئاماژەمان پێکرد دەگەینە ئەم دەرنجامانە:**

١- ریکلام هونەرێکە بۆ پێشکەشکردنی شمەکو خزمەتگوزاریو بە بازاڕکردنو بیرۆکە بەکاردەهێنرێت.

٢- ریکلام شێوازێکی پەیوەندیکردنە لەنێوان پێشکەشکار و وەرگر.

٣- ریکلام لەسەرجەم شێوازەکانی راگەیاندندا بەکاردەهێنرێت بۆ گەیاندنی پەیامێکی ریکلامی.

٤- ریکلام وەک کەناڵێکی پەیوەندیکردن بەکار دەهێنرێت بۆ ناساندنی جەماوەر بە شمەکو خزمەتگوزاری.

٥- ریکلام یەکێکە لەپرۆسەکانی بواری راگەیاندن و ئامانجی دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر کڕیار.

٦- ریکلام یەکێکە لەچالاکیەکانی پەیوەندیکردن کە تێیدا شێوازەکانی راگەیاندن بەکار دەهێنرێت بەئامانجی هاندان بۆ کڕینی شمەک و خزمەتگوزاری.

# سەرەتایەکی مێژوویی ریکلام

ریکلام چالاکییەکی کۆنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، مێژووەکەی بۆ ئەو کاتە دەگەرێتەوە کە مرۆڤی سەرەتای بەمەبەستی بەدەستهێنانی پێویستیەکانی ژیانی پەنای بردوەتەبەر، بەتایبەتی بۆ گوزارشت کردن لە داواکارییەکانی لە کەسانی بەرامبەر بۆ پێکهێنانی پەیوەندی ئاڵوگۆرکردن و جێبەجێکردنی بەرژەوەندی هاوبەش بەشێوەیەک کە لەگەڵا سروشتی سەردەمەکە گونجاو بێت، ئەمەش لەرێگەی پشت بەستن بە جاردەر (ریکلامکار)، ئەوانەی پەنایان بۆ ئەم شێوازەی ریکلام بردووە چینی فەرمان رەواکان بوون بەمەبەستی گەیاندنی بریارو فەرمانەکانیان بە جەماوەر. هەروەها لەلایەکی دیکەوە سەرهەڵدانی ریکلام لەو رۆژەوە بووە کە مرۆڤ فێری ئاڵوگۆری کاڵای بازرگانی بووە وا پێویستی کردووە کە ریکلام بۆ کاڵاکەی بکات .

هەندێک لێکۆڵینەوەی مێژووی ئاماژە بەوە دەکەن کە میسرییە کۆنەکان یەکەم کەس بوون کە ریکلامیان بەکارهێنابێت ئەمەش لە رێگەی ئەو ریکلامەوە کە دەلێن لەسەر پارچە کاغەزێکی (بەردی) میرێکی میسری نوسیویەتی: (ئەو کۆیلەی لە دەستم رای کردووە هەرکەسێک بیگرێت و بیهێنێتەوە پاداشت دەکرێت) . لە دوای ئەوە بابلی و یۆنانی و گریکی و رۆمیەکان، بازرگانەکانیان لەرێگەی هەڵواسینی نوسراو یان هەڵکۆڵین و کێشانی وێنە بەسەر دیوارەکانەوە بانگەشەیان بۆ کاڵاکانیان دەکرد، ئەمەش بەمەبەستی راکێشانی بەکاربەر بۆ کاڵاکانیان. پێش کۆتایی سەدەی پانزەهەم لەئینگلتەراش بڵاوکردنەوەی ریکلام سەری هەڵداوەو بەدەست نووسراونەتەوە. دواتر لەسەدەکانی ناوەڕاست و حەڤدەهەمدا ریکلام بەشێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتنی بەخۆوە بینیووە و چەندین شێوازی نوێی ریکلام کردن سەریهەڵداوە .

یەکەم ریکلام کە بڵاوبۆتەوە لەپەرتوکێکدا بووە لەشاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا لەشوباتی ساڵی (١٦٢٥) کە لەو سەردەمەدا وشەی ئامۆژگاری (نصائح) یان بۆ بەکارهێناوە نەک ریکلام، کە تیایدا باسی پەرتوک و دەرمان و چای و ماست و شیرینی و ئەو گەنجانەی لەکارگەکان هەڵئەهاتن لەگەڵ زۆرشتی تر کە ئەم ئامامۆژگاریانە (نصائح) لەپەرتوکێکدا بڵاودەکرانەوە، پێی دەوترا (پەرتوکی هەواڵەکان) .

لەچوارچێوەی گەشەکردنی مێژووی ریکلامدا دەبینین فەرەنسا و بەریتانیا و ئیتالیا پێش ولاَتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کەوتون، ئەمانەش ریکلامیان وەک ئامرازێکی ئابوری و بازاڕ بۆ دەستخستنی دەسکەوتی دارای بەکارهێناوە . هەروەها لەفەرەنسا ساڵی ١٦٣١ ز لە رۆژنامەی (La Gazette d, France) ریکلامی بڵاوکردەتەوە و هەمان رۆژنامە (رینودو)ی دروست کردووە، کەدواتر بەباوکی دامەزرێنەری رۆژنامەی ریکلام ناوبراوە، لەهەمان کاتیشدا رۆژنامەیەکی دیکەی دامەزراندووە (١٦٣١) کەناوی کاغەزی مەکتەبی بووە. کەچی ئەمریکا ئەم هونەرەی لەسەرەتای سەدەی هەژدەم درک پێکردووە و لەرۆژنامەی (زەی بۆستن لتەر) لە (١٧٠٤) لەژمارە دوو دا لەژێر نێوی (Advertisemen ) کە دەکاتە ریکلام، دەستی بەریکلام کردن کردووە . هەروەها بینجامین فرانکلین بۆ یەکەمجار ریکلامی بردە بەشی سەرەوەی لاپەرەی یەکەم لە یەکەم ژمارەی رۆژنامەی (Pennsylvania Gazette) لە ١٧٢٩ کە زۆرینە بە باوکی ریکلام ناوی دەبەن .

لەنێوان ساڵەکانی ١٨٨٠ تا ١٩٠٠ ئاژانسەکانی ریکلام لە رۆژنامەکاندا ریکلامیان بڵاودەکردەوە. یەکەمین ریکلامی بازرگانی رادیۆیی پەیامێک بوو دەربارەی چەند شوقەیەک لە لانگ ئایسلەند کە لە ٢٨ی ئابی ساڵی ١٩٢٢دا کاتژمێر ٥ی دوانیوەڕۆ لە رادیۆیەکی نیۆیۆرکدا بەناوی Weaf بڵاوکراوەتەوەو دە خولەکی خایاندوە. ئەم ریکلامە بۆ فرۆشتنی شوقەکانی کۆمپانیای کوئینز بوو لە لانگ ئایسلەند.ئەمەش یەکەم ریکلامی رادیۆیی بوو کە پەخش کرابێت. رووداوێکی دیکەی گرنگ لەمێژووی ریکلامی بازرگانیدا لە رادیۆ روویداوە، ئەوە بوو کە کۆمپانیای مینراوالا لەساڵی ١٩٢٣دا ئەستێرەیەکی سینەمایی بەناوی ماریۆن دەیویس هێنایە پشتی مایکی رادیۆ تا ریکلام بۆ کەلوپەل و پێداویستی ئارایشتی بکات و یەکەم رستەیشی بەوە دەستپێکرد کە چۆن خۆم بۆ فیلمەکان ئارایشت دەکەم؟"

ئەمەش یەکەم هەنگاوی گرنگ بوو بۆ دەستپێکردنی ریکلامی تەلەفزیۆنی. دوابە دوای ئەوەش لە ساڵی ١٩٤٨دا ریکلامی تەلەفزیۆنی لە ئەمریکا  بە شێوەیەکی فراوان گەیشتە ناو ماڵان .

# قۆناغەکانی مێژووی سەرهەڵدانی ریکلام

**یەکەم: قۆناغی پێش پەیدابوونی چاپ**

ریکلام بۆ پێش مێژووی زاینی دەگەڕێتەوە، خەڵک لەسەرەتادا نەخش‌و نیگاریان بەکارهێناوە بۆ بانگەشەکردن و بڵاوکردنەوەی بۆچوون و مەبەستەکانیان و نیشاندانی حاڵەتێکی تایبەت، هەروەها رەمز و ئامرازی جودایان لەپێناو گەیاندنی پەیامەکانیان بەزۆرترین خەڵک بەکارهێناوە رەنگە ئەم پەیامانی پەیوەندی بەهەواڵی گەیشتنی پاپۆرو لەشکرو کەل و پەلی تازەوە بووبێت. بۆ ئەمەش (ئاگر، تۆپ تەقاندن، بەرزکردنەوەی ئاڵا) بەکارهاتووە .

**دووەم: قۆناغی سەرهەڵدانی چاپ**

لەم قۆناغەدا ریکلام پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی بەهۆی دەرکەوتن و پەیدا بوونی ئامێری چاپەوە کە هۆکار بوو بۆ بڵاو بوونەوەی خوێندەواری، لێرەوە ریکلام سنوری ناوچەیەکی تێپەراند و گواسترایەوە بۆ ئەو شوێنانەی لەو ناوچەیەوە دورن کە ریکلامەکەی لێکراوە .

**سێیەم: قۆناغی شۆرشی پیشەسازی**

ئەم قۆناغە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە دەست پێدەکات ئەو کاتەی لە ئەنجامی پەیدابوونی ئامێرەوە بەرهەم زیادی کرد و کێبرکی دروست بوو لە نێوان بەرهەمهێنەرەکان و بۆ ساغکردنەوەی ئەو بەرهەمانە پەنایان بۆ ریکلام کردن هێنا بۆ شمەک و کاڵاکانیان .هەروەها بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی بەرهەمهێنەرەکان لەرێگەی ریکلامەوە باوەر بەبەکاربەر بهێنن بۆ کرینی شمەک و کالاکانیان .

لەسەردەمی شۆرشی پیشەسازیشدا قەبارەی بەرهەمهێنان گەورەتر دەبوو، ئەمەش دەرفەتی چالاکبوونی ریکلامی زیاتر کرد، هەر لەو کاتەدا رکابەری لەنێوان بەرهەمەَنەر و بازرگان و کەلوپەلەکان زیادی کرد، گەڕان بەدوای بەهاو قازانجی پترو پتر هاتە ئاراوە، ئەمەش وایکرد پەنابردن بۆ ریکلام لەپێناو قازانجی زۆرتر گەشە بکات. تاوای لێهات بەرهەمهێنەرە پیشەسازییەکان جەماوەریان رادەهێنا لەسەر ئەوەی کەلوپەلەکانیان چۆن

بەکەڵکیان دێت و هۆشیارییان دەگۆڕا، لەبیری نەکەین زەوق و پێویستی جەماوەر هەمیشە لەگۆڕاندایە، بۆیە ئەوانیش گۆرانکارییان لەسەر شێواز و ئامانجی ریکلام دەکرد، کاریان دەکرد کەنەریتی کڕین لای جەماوەر بەرز راگرن و لەقازانجی خۆیان پەروەردەی بکەن .

**چوارەم: قۆناغی گەشەکردنی ئامرازەکانی پەیوەندیو گەیاندن و کاریگەرییان لەسەر ریکلام:**

دەرکەوتن و پەیدابوونی ئامێری رادیۆ و تەلەفزیۆن و هۆکارە نوێیەکانی پەیوەندی کردن بەهای ریکلامی زیاتر کرد، تاکو ئەوەی شێوازی پێشکەشکردن و دەرهێنان و نەخشەسازی ریکلامی بەرەو پێش برد. لێرەدا هەڵبژاردنی ئامرازی گونجاو بۆ ریکلام گرنگی زۆری هەبوو لەسەر سەرکەوتنی ریکلام و خزمەتی زۆری بە خاوەن بەرهەم و بازرگانەکان کرد . هەروەها ئاژانس و دامەزراوەکان بڵاوبونەوەی گۆڤار و رۆژنامەکان بەشێوەیەکی هەرزان و پێشکەوتنی شێوازەکانی دابەشکردنیان رۆڵێکی فرە گرنگ و پڕ بایەخیان هەبوو لەبەرەو پێشبردنی ریکلامدا چی لەرووی چۆنیەتیەوە بێت یان لە رووی شێوازی پیادەکردنیەوە بێت . بەهەمان شێوە شانۆ و سینەما وەک ئامرازێک یان کەناڵێکی پەیوەندی بۆ ریکلام کردن بەکارهێنراوە، بەڵام ئاستی بەربڵاویان زۆر فراوان نەبووە بەهۆی ئەوەی هەردوو لە هۆڵ و ناوەندی شارو شارۆچکەکاندا بوون هەرچەندە سینەمای گەرۆک هەبووە، بەڵام ریکلامی بازرگانی لەم ئامێرەوە سنوردار بووە زیاتر پرۆپاگەندەی سیاسی پێکراوە. لەپاش ئەوەش دەرکەوتنی تۆری ئینتەرنێت لە ساڵی (١٩٦٩) کاریگەری زیاتری هەبوو لەسەر ریکلام و گەشەکردنی شێوازی بڵاوکردنەوەو گەیاندنی بە بەکاربەر

**پێنجەم: قۆناغی تێکەڵبوونی ریکلام بەزانستەکانی ترەوە**

قۆناغی پەیوەندی ریکلامە بەزانستەکانی دیکەی وەک زانستی دەروونی، کۆمەڵایەتی، بیرکاری و راگەیاندن، لەم قۆناغەدا ریکلام بەرەو بەزانستی بوون هەنگاو دەنێت کە شێواز و تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت. چونکە هەموو پەیامێکی ریکلامی ئاراستەی مرۆڤ دەکرێت بۆیە ئاساییە ئەم زانستە تێکەڵا بەو زانستانەی تر ببێت کە پەیوەندیان بە مرۆڤەوە هەیە .

ریکلام بەهۆی گەشەکردنی زانست بە گشتییو زانستەکانی راگەیاندنو کارگێڕیو بازاڕکردن و پەیوەندی کردن و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە گەشەی کردووەو وەکو زانستێکی سەربەخۆ سەری هەڵداوە.ئێستا ریکلام زانستێکی نوێیە کە چوەتە ناو هەمو کایە و بوارەکانی ژیانی بازرگانی،کۆمەلایەتی و سیاسی ..مرۆڤەکانەوە .

لەگەڵ ئەو گەشەکردنەی لەسەرەوە باسمان کرد دەبێت ئاماژە بەکۆمەڵێک هۆکاری دیکە بکرێت کەبوونەتە هۆی خێرا گەشەکردنی ریکلام و بەرفراوانبوونی کاریگەرییەکانی بەسەر لایەنە جوداکانی ژیان لەبواری راگەیاندن و بەرهەمهێنان و بازرگانی و بڵاوکردنەوەدا، هەندێک لایەن هۆکارەکان بەم جۆرە دیاری دەکەن و پێیانوایە پێشکەوتن و گەشەکردنی ریکلام پەیوەستە بەم هۆکارانەی خوارەوە :

١. بڵاوبوونەوەی گۆڤارو رۆژنامەی رۆژانەوبەرزبوونەوەی نرخیان.
٢. بڵاوبونەوەی خوێندەواری و بەرزبوونەوەی ئاستی تێگەیشتن.
٣. گەشەسەندنی ئامرازەکانی گواستنەوەو گەیاندن و بڵاوکردنەوە.
٤. زۆربوونی رێژەی پیشەسازی بوون و ئاستی بەرهەمهێنان کە ئەمانەش بوونەتە هۆکار بۆ بەرز بوونەوەی رێژەی فرۆشتن و پێویستی بەفیرۆ نەچوونی پاشماوە کەڵەکە بووەکانی بەرهەمهێنراوەکان.
٥. سەرهەڵدانی دیاردەی بازاری گەورەو بەخۆوە گرتنی کەلو پەلێکی زۆر، ئەمەش وادەکات ریکلام ببێتە کارێکی پێویست لەپێناو گەیاندن و ناساندنی ئەم هەموو کەلوپەلە زۆرە.
٦. بەردەوامی لەکەڵەکە بوونی گەشەسەندنی هونەری تەکنەلۆژی کە بەشداری لەگەشەپێدانی توانای وەبەرهێنان دەکات، ئەمەش وادەکات پێویستی نەخشەسازی بۆ بازارو چۆنێتی بڵاوکردنەوەی کەلوپەلەکان و ناساندنی بەکاربەر ببێتە شتێکی پێویست.
٧. بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەسی لەئاستی نەتەوەدا، کاتێک خەڵک باری ئابووری و بژێوی باش دەبێت، پێویستی بەشتی تازەو نوێ دەبێت، بۆیە ریکلامکردنیش لەگەلا بەرزبوونەوەی ئاستی پێویستیەکانی خەڵک بەرزدەبێتەوە .

# تایبەتمەندییەکانی ڕێکلام

ریکلام چەند تایبەتمەندیەکی هەیە کە بە هۆیەوە جیای دەکەینەوە لەرەگەزەکانی تری پەیوەندی کردنو، هاوکات ریکلامیشی پێ دەناسرێتەوە .ئەو تایبەت مەندیانەش ئەمانەن:

١. چالاکیەکی پەیوەندییە دەچێتە چوارچێوەی پەیوەندی جەماوەری، یان شێوەیەکە لە شێوازەکانی پەیوەندی جەماوەری بۆ بەدەستهێنانی هەموو ئەو مەرجانەی لەپرۆسەی پەیوەندی جەماوەریدا هەن لەرێگەی ریکلامەوە .
٢. رەگەزی کەسێتی (شەخسی) لە رێکلامدا نییە، واتە چالاکییەکی نا تاکە کەسییە.
٣. لەبەرامبەر برێک پارە بڵاودەکرێتەوە.
٤. رێکلام لە لایەن رێکخراوەکاننەوە بە قازانج و بێ قازانج ئەنجام دەدرێت.
٥. هەموو ئامرازەکانی پەیوەندی جەماوەری شیاون بۆ بڵاوکردنەوەی رێکلامی بازرگانی، بۆ بڵاوکردنەوەی ریکلام، پەنا دەبرێتەبەر هۆیەکانی پەیوەندیکردنو راگەیاندنو لەرێگەی ئەوانەوە بڵاودەکرێتەوە .
٦. دەرکەوتن و ناساندنی کەسێتی رێکلام بۆ کراو، وەک هونەرمەند، وەرزشکار، سیاسی .. هتد.
٧. رێکلامکاران بەگشتی دیراسەی جەماوەری بەکاربەر دەکەن بۆ ئەوەی ریکلامەکانیان بەجۆرێک ئەنجام بدەن کە بگونجێت لەگەڵ بارو دۆخی بابەتی و سروشتی جەماوەر و، بابەتی ریکلامەکەش لەبەرچاو بگرن.
٨. ریکلام دەبێت بەجۆرێک بکرێت کاریگەری لەسەر جەماوەر دروست بکات.
٩. ریکلام بەئامانجی پێدانی زانیارییە بەجەماوەر لەسەر بابەتی ریکلام بۆ کراو.
١٠. هەروەها وەک ئامرازێکی قەناعەت پێکردنی بەکاربەر وایە بۆ گۆرینی کەلوپەل، یان داواکردنی خزمەتی ریکلام بۆ کراو .
١١. لەلایەن دەستە، گروپ، یان کۆمپانیایەکەوە ئەنجام دەدرێت.
١٢. چالاکییەکانی ئاشکراو دیارن.
١٣. بەمەبەستی برەودان بەکاڵایەکی بازرگانی، یان خزمەتگوزاری، یاخود بیرۆکە و کەسایەتییەکە.
١٤. بە سەرچاوەی پاڵپشتی دارایی دادەنرێت لە دەزگای راگەیاندندا.

١٥. لایەنی باش پیشان دەدات، وێنەی جوانی خزمەتگوزارییەکان دەگرێت و پیشانی دەدات.

١٦. پەنا دەباتەبەر هەر سێ شێوازی زیادەڕۆیی (مبالغە)، کورتبڕی و دووپاتکردنەوە.

١٧. ریکلام ریتمێکی خێراو پانتاییەکی دیاریکراوی هەیە، کە جەخت لەسەر کورت بری لە بیرۆکەکەو دارشتندا دەکرێت. هەروەها سادەی لەلایەنی جێبەجێکاری هونەری و ژمارەی کەسەکانیدایە .

١٨. پەنا دەباتەبەر کەسایەتی خۆشەویست و دیاری ناو خەڵک.

١٩. زۆرجار ریکلام بۆ برەودان  بە کاڵاکان پەنا دەباتەبەر بەکارهێنانی هونەرمەند و گۆرانیبێژ و ئەستێرەی سینەمایی و وەرزشکاران‌و پسپۆڕانی بواری پزیشکی.

٢٠. زۆر جار ریکلام بە پێی سروشتی ریکلامەکە و جۆری ئەو کەناڵەی کە لێوەی بڵاودەکرێتەوەو ناودەبرێت، یان دەناسرێت. وەکو ریکلامی تەلەفزیۆنی، ریکلامی رۆژنامەیی، ریکلامی رادیۆیی، ریکلامی ئینتەرنێتی، یان مۆبایل .

٢١. یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ریکلام، دانانی کاریگەری فرۆشیارە بۆ سەر کڕیار لەرێگەی هۆکارەکانی پەیوەندی کردنەوە .

"لە دنیای ئەمڕۆدا ئیدی بەکاربەر لە روانگەی خۆیدا بۆ ریکلام زیاتر حەزدەکات رۆڵێکی ئینتەرئاکتیڤ و بەشداریکەری هەبێت و نایەوێت بە شێوەی نەریتی تەنیا خاوەن کاڵا لە رێی کەناڵە نەریتییەکانی گەیاندن و پەیوەندییەوە، پەیامەکانی خۆیانی پێبگەیەنێت". ئەمەش رۆڵی کەناڵی تازەی  وەک رادیۆ و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت لەریکلامدا ئەتوانین بیڵێن دوو هێندە دەکات، چونکە هەریەک لەمانە دەرفەتی گونجاوی بەشداریکردن دەدەنە بەکاربەر. بەڵام هەندێک لە رەخنەگران پێیانوایە ئەو جۆرە ریکلامانەی کە پشت بەدیمەن دەبەستن بەتایبەتی ریکلامی تەلەفزیۆنی لایەنی خراپیشی هەیە، کە ئەویش بریتییە لە سەپاندنی شتێک بەسەر خەڵکیدا، ئەویش لە رێگەی شۆردنی مێشکەوە .

## ئەركەكانی ریكلام

كاتێك ئەركی ریكلام دەبێتە گوزارشتكردن لە پرۆسەی بەبازاركردن، ئەوا دەبێتە هۆی زیادبوونی چالاكییەكان و گەشەپێدان و بەرزكردنەوەی ئاستی بژێوی هاوڵاتیان بۆ سەروی هێڵی هەژاری، ئەمەش لەكاتێكدا كە ئەو ئەركەی ریكلام دەبێتە سوودی مادی و خزمەتگوزاری ئاراستەكراو و بواری رۆشنبیری ئەمەش لەم چەند خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە.

**١. دروستكردنی داواكاری بۆ شمەك و خزمەتگوزارییەكان**

هەمیشە لە گۆرەپانی بازرگانیدا ئەوی ریكلام دەیكات  بۆ بەدەستهێنانی قازانجە بۆ ماوەیەكی زۆر ئەمەش لەرێگەی بەشداریكردنی لە زیادكردنی داواكاری لەسەر شمەكی دامەزراوەكان یان خزمەتگوزارییەكانیان . ئەمەش وادەكات ئاسانكاری بكات بۆ هەڵبژاردنی كالآیەك لەنێوان كۆمەڵێك كالآی جیاوازدا و، دیاریكردنی شوێن و كاتی بۆ هەبوونی ئەو كالآیە . هەروەها فاكتەرێكە بۆ راكێشانی سەرنجی بەكاربەر و پارێزگاری كردن لێیان بۆ ماوەیەكی زۆر، چونكە رۆژانە چەندین پەیامی ریكلامی ئاراستەی جەماوەر دەكرێت ئەمەش وادەكات كە پەیامە ریكلامیەكان كاریگەرییان زیاتر بێت .

**٢. زۆربوونی كێبركێ لە گۆرەپانی بەرهەم و فرۆشتنی شمەك و خزمەتگوزاری، لەكاتێكیشدا باشكردن و پێشخستنی بەرهەمهێنراوەكان:**

رێگەیەكە بۆ فروانكردنی بەبازاركردن چەندین جۆری شمەكێك لەبازاردا هەبێت بەرهەمهێنەرەكەی بەدوای باشترین تایبەتمەندیدا دەگەرێت بۆ شمەكەكەی تا لەرێگەی ریكلامەوە فرۆشی زیادبكات. هەروەها دەبێتە هۆی بەخشینی ناوبانگ بە كۆگا و شوێنەكان و، بەشداربوونی بەكاربەر لە راكێشانی بۆ شوێنی فرۆشتنی كالآ ریكلام بۆ كراوەكان .

**٣. كەمكردنەوەی تێچوون:**

بەشێك لەبەرهەمهێنەرەكان پشت بەوە دەبەستن كە ریكلام كۆی تێچووی دامەزراوەكان زیاد دەكات. ئەركی ئەم تێچوونەش دەكەوێتە سەر بەكاربەر، بەڵام ئەگەر بارودۆخی ئەو بەرهەمهێنەرانە كە ریكلام دەكەن بۆ بەرهەمەكانیان بەراورد بكەین بەو بەرهەمهێنەرانەی كە ریكلام ناكەن یان پشت بەریكلام نابەستن ئەوا دەبینین، ئەو بەرهەمهێنەرەی ریكلام دەكات كەلوپەلەكانی بەنرخێكی كەمتر و قازانجێكی زیاتر دەفرۆشێت، چونكە بەهۆی ریكلامەكەوە ژمارەیەكی زۆر لەبەرهەم دەفرۆشێت .

### ٤.  ریکلام هێزیکی فێرکارییە:

ریکلام بەسەرچاوەیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەلایەن بەکاربەرەوە، زانیاری لەبارەی باشی و خراپی ئەو شتومەک و خزمەتگوزارییانە وەردەگرێت، هەروەها ریکلام هەوڵ ئەدات ئارەزوو و پێداویستیەکانی بەکاربەران پڕ بکاتەوەو هۆکارێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پێداویستیەکانیان و، بەئامرازێکی کاریگەر دادەنرێت لە رۆشنبیرکردن و فێرکردنی بەکاربەراندا . هەروەها کاریگەری لەسەر ژیانی جەماوەر دروست دەکات و ئەمەش لەرێگەی ئاشناکردنیان بەنەریتە تەندروستی و کۆمەلایەتییەکان بۆ نمونە، وەک فێرکردنی خەڵکی کە چۆن پارێزگاری لە تەندروستیان بکەن و ئەمەش وا دەکات داهاتیان زیادبکات، یان چۆن ئاستی زانستی و رۆشنبیریان بەرزدەکەنەوە .

### ٥.  زیادکردنی داهاتی نەتەوەی

یەکێک لەپرنسیپەکانی ریکلام کار لەسەر ناساندنی جەماوەری بەکاربەر دەکات بەراستی پێداویستیەکانیان و رێنوێنی کردنیان بەباشترین رێگا بۆ دۆزینەوەی ئارەزوەکانیان، سەرئەنجام بەکاربردن زۆر دەبێت ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەم، لەلایەکی دیکەوە زیادەرۆی و خراپ بوون کەم دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی داهاتی نەتەوەی لە هەروڵاتێک بریتیە لە کۆی داهاتی کەلوپەل و خزمەتگوزاری بەرهەمهاتوو، بۆیە پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان داهاتی نەتەوەی و تێچوونی ریکلامدا هەیە لەبەرئەوە کاتێک تێچونی ریکلام زیاد بکات ئەوا بەکاربردنی کەلوپەل و خزمەتگوزاری زیاد دەکات بەو پێیەش بەرهەمیش زیاد دەکات، لەبەر ئەوە ریکلام یارمەتیدەر دەبێت بۆ داهاتی نەتەوەی و بەشداربوونی لە زیادکردن و فراوانکردنی داهاتی نەتەوەی .

بە گشتی ئەرکی ڕیکلام لە دوو ڕەهەنددا بەرجەستە دەبێت :

- هاندانی کڕیار بۆ کڕینی کاڵا وکەلوپەلەکان یا خزمەتگوزارییەکان .
- ئامادەکردن و زەمینە خۆشکردن بۆ بڕواپێهێنانی کڕیارەکان بەوەی کاتێک ئەو کاڵا وکەلوپەل یا خزمەتگوزاریانە دەکڕن تەواو خاتر جەمن .

# کاریگەرییەکانی ریکلام

ریکلام وەک هەر ژانرێکی دیکەی راگەیاندن کۆمەڵێک کاریگەری دەکات سەر بوارەکانی ژیان، لێرەدا گرنگترینیان باس دەکرێت:

**کاریگەری ئابووری:**

ریکلام گرنگییەکی تایبەتی لەبواری ئابووریدا هەیە و رۆڵێکی دیار دەبینێت لە دابەشکردنی شمەکی بەرهەمهێنەرەکان بۆ بەکاربەر، هەروەها ریکلام یارمەتی دامەزراوە بازرگانیەکان دەدات (دامەزراوەی پیشەسازی یان بازرگانی یان خزمەتگوزاری) بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان. ریکلام بەشدارییەکی بەرچاویشی هەیە لەگەشەسەندنی ئابوریدا ئەوەش لە چوارچێوەی هاندانی جەماوەر بۆ کرینی شمەکی نویێ، هەروەها یارمەتی خاوەن کارگەو دامەزراوە بازرگانیەکان دەدات کالاو شمەکەکانیان بەرەو پێش ببەن و کەشێکیش بۆ کێبڕکێ لەنێوانیاندا دروست دەکات، ئەمە جگە لەوەی ریکلام رۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ زیادکردنی وەبەرهێنان و زیادکردنی دەستی کار و داهاتی تاک و داهاتی نیشتمانی.

دەربارەی کاریگەرریە ئابوریەکانی، چالاکییەکانی ریکلام روبەرووی زۆر مشتومڕ بوەتەوە، ئەمەش زۆرجار جیاوازی لەنرخی شمەک و خزمەتگوزاریدا دروست دەکات، بۆیە ریکلام کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەو زۆر گۆرانکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە .

لەنێوان پسپۆرانیشدا بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێکیان پێیانوایە ریکلام نرخ زیاد دەکات کە ئەمەش تێچوونی بەکار بەر زیاد دەکات، هەندێکی تریش لەئابوری ناسانیش پێیان وایە کە ئەوەی گرنگە لە ریکلامدا ئەوەیە کە دەتوانێت توانای دامازراوەکان بجولێنێت، گەشەکردن لەژیانی ئابوریدا دروست بکات، هەروەها ریکلام سەرنجی خەڵک رادەکێشێت بۆ شمەک و خزمەتگوزارییەک کە هەبێت، یان شمەکێکی تازە، بەمەش کاردەکات بۆ زیادکردنی بەکاربەرو فراوان کردنی بەرهەم و ئەمەش نرخ کەمدەکاتەوەو لەکاتێکدا دەردەکەوێت کە نرخی شمەک بەرزبێت . بەڵام هەندێکی تر لەپسپۆران چەندین رەخنە لە چالاکییەکانی ریکلام دەگرن لەوانە :

- ریکلام رێگە خۆشکەرە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی لەنێوان ئەو دامەزراوانەی لە بازاردا رکابەری یەکترن، ئەمەش بەرەو دەست بەسەرداگرتنی بازار دەروات.

- ڕێگری دەکات لە هاتنە ناوەوەی کۆمپانیای نوێ بۆ بازارەکان، چونکە کۆمپانیا قۆرخکارەکان بازاریان داگیر کردووە.
- بەرزبونەوەی تێچوونی ریکلام هۆکاری سەرەکی بەرزبوونەوەی نرخە.
- هۆکارێکە بۆ بە فیرۆدانی شت و مەک و لەناوبردنی.
- لەهەندێک کاتدا زیادەرۆی دەکات و راستییەکانی شمەک و خزمەتگوزارییەکان ئاشکرا ناکات، کە ئەمەش جەماوەر چەواشە دەکات.

سەرەرای ئەو رەخنانەی باسمان کرد هەندێک لەپسپۆران بەرگری لە ریکلام دەکەن وەک هێزێکی ئابوری و کۆمەڵایەتی کاریگەر لە کۆمەڵگەدا ناوی دەبەن.

هەروەها ریکلام لەبواری ئابووریدا چەندین کاریگەری دیکەی هەیە، لەوانە:

**١. کاریگەری ریکلام لەسەر دروستکردنی خواست (داواکاری)**

فرۆشتنی سەرکەوتوو هەمیشە فرۆشتنێکی داهێنەرانەیە، فرۆشتنێکی داهێنەرانەش لە خستنە رووی فرۆشتندا دەردەکەوێت کە زنجیرەیەک لە تێروانینی گەشبینانە لەلای کریار دروست بکات. بۆیە دەبێت فرۆشیار سەرنجراکێش بێت و ئارەزوو بجولێنێت، هاندەری بزواندنی ئارەزووەکان بێت لەلای کریار و قایل کەربێت و چاودێریکەریش بێت .بەو پێیەی ریکلام کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر زۆربوونی بەرهەم و بەبازار کردن و دروستکردنی کێبرکێ لەنێوان کۆمپانیا بازرگانی و وەبەرهێنەکان دروست دەکات کەتەواوی ئەمانەش هۆکاری سەرەکین بۆ زۆربوونی شمەکی جۆراو جۆر لەبازارەکاندا بەمەش دەردەکەوێت کە ریکلام کاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر دروستکردن و زیادبوونی خواستی بەکاربەر لەسەر ئەو شمەکانە .

**٢. کاریگەری ریکلام لەسەر تێچووی بەرهەم:**

دەکرێت کاریگەری ریکلام لەسەر تێچووی بەرهەم لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

- ریکلام یارمەتی دەرە بۆ زیادبوونی قەبارەی بەرهەم بەو پێیەی ریکلام کاریگەری لەسەر خواست هەیە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ کەمبونەوەی تێچووی بەرهەمی تایبەت

ئەگەر تێچوی جێگیرکراو بەرزترین ئاستی لە کۆی گشتی تێچووی بەرهەمدا تۆمار کردبێت.

- لەئەنجامی توێژینەوەکاندا دەرکەوتوە کە کاریگەری ریکلام لەسەر تێچووی بەرهەم دیاریکراو نیە.

بەلام دەکرێت هەندێکجار ریکلام نەبێتە هۆی کەمبونەوەی تێچووی بەرهەم لەبەر ئەم هۆکارانە:

أ- بوونی هەندێک جۆری پیشەسازی کە پشت بەدەستی کار دەبەستن وەک (پیشەسازی رستن و چنین و پیشەسازییە دەستیەکان) ناتوانێت تێچووی بەرهەم کەم بکاتەوە، چونکە بۆ زیادکردنی بەرهەم پێویستی بەدەستی کار هەیە ئەمەش بڕی تێچوونی بەرهەم زیاد دەکات.

ب- هەندێک بارودۆخی بازاری بەرهەم وادەکات رێژەیەکی کەمی هەندێک جۆری پیشەسازی لەبازاردا هەبێت، بەمەش لەتوانای ریکلامدا نابێت تێچووی یەکەی بەرهەمهێنەر کەم بکاتەوە .

### ٣. کاریگەری ریکلام لەسەر کێبرکێی نرخ

ریکلام یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی رادەیەک بۆ کێبرکێی نرخ، بەلام نە قەدەغەی دەکات و نە بنەبڕی دەکات، لەبەرئەوەی ریکلام جگە لەم ئەرکەی نرخ ئەرکی تری هەیە وەک هەولەکانی بەرهەمهێنەر، دابەشکار، فرۆشیار، یان چالاککردنی فرۆشراوەکان، هەروەها کاردەکات بۆ کەمکردنەوەی هەستیاری خواست بۆ نرخ، بەلام توانای ریکلام بۆ بەدەست هێنانی ئەمە تائاستێکی زۆر لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە وەستاو:

أ- سروشتی بەرهەمهێنراوەکان لەهەندێک جۆری بەرهەمدا وەک پێداویستی جوانکاری گرنگی بازرگانی زیاد دەکات و هێمایەکی بەراورد کردنی نرخیشە لەگەل ئەوەی ریکلام کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر نرخ و شمەک و بەبازارکردن، بەلام لەهەندێک جۆری بەرهەمدا وەک شەکر کە بەلای بەکاربەرەوە جۆر و چۆنێتی گرنگ نیە، ریکلام ناتوانێت سەرنجی بەکاربەری بۆ رابکێشێت.

ب- بارودۆخی ئابووری، بۆ نمونە لەکاتی بێ بازاری و سستی لەبواری بازرگانیدا کێبرکێی نرخ خۆی بەسەر ئەو دامەزراوانەشدا دەسەپێنێت کەبەشێوەیەکی سەرەکی کێبرکێ لەسەر ریکلام دەکەن، بەتایبەت لەکاتێکدا کە فرۆشراوەکانیان دادەبەزێت .

**٤. کاریگەری ریکلام لەسەر باشی بەرهەمهێنراوەکان و جۆرەکانی:**

ریکلام یارمەتی باشترکردنی بەرهەمهێنراوەکان و زیادکردنی ئەو جۆرانەی دەدات کە لەبازاردا خراونەتە روو لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

أ- ریکلام هەوڵ دەدات بۆ باشترکردنی ئەو بەرهەمانەی کە کێبرکێی یەکتر دەکەن، هەروەها بەوردی کاردەکات بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم کارە، ئەمەش لەرێگەی ئەو پرۆژە بەردەوامانەی کە هەیە بۆ پێشخستن و باشترکردنی بەرهەمهێناروەکان.

ب- ریکلام یارمەتیدەرە بۆ هاندان و گەران بەدوای بەرهەمی نوێدا بەتایبەت لە کاتێکدا کە پێشبینی بکرێت خواست زۆر بێت و وەزیادکردنی ئەم خواستە لە رێگەی ریکلامەوە، ئەمەش لەکاتێکدا ئەگەر پرۆژەکان توانای ئەوەیان هەبێت ئەو خواستانە دابین بکەن لەماوەیەکی کەمدا.

ت- ریکلام هۆکارێکە بۆ زۆر بوونی جۆری ئەو بەرهەمانەی لەبازاردا خراونەتە روو ئەمەش لەبەر زیاد بوونی ئەو خواستەی لە رێگەی ریکلامەوە دروست دەبێت کە دەبێتە هۆی دروست بوونی کێبرکێ .

**٥. کاریگەری ریکلام لەسەر سوری بازرگانی:**

أ- دەکرێت ریکلام کاریگەری لەسەر سوری بازرگانی هەبێت ئەگەر لەرێگەی پرۆژەکانەوە بەباشی بەکاری بهێنێت، بەمەش بێ بازاری دەکرێت کەمبکرێتەوەو شمەکی نوێ بخرێتە بازارەوە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی خواست کە لەماوەی بێ بازاریدا زۆر کەم بۆتەوە.

ب- ریکلام یارمەتی چالاکتربوونی سوری بازرگانی دەدات لە رێگەی زۆر بوونی چالاکی ریکلام لە کاتی بەرزو نزمی بازار لەماوەی بێ بازاریدا .

### ٦. کاریگەری ریکلام لەسەر دابەشکردنی داهات و هەلی کار:

ریکلام هۆکارێکی سەرەکییە بۆ یارمەتی دانی باشتر دابەشکردنی داهات و زیادکردنی هەلی کار لەبەر ئەم هۆکارانە:

أ- زۆربوونی خواست و بەرهەم و زۆربوونی هەلی کاری فەراهەم کراو.

ب- زۆربوونی وەبەرهێنان لە بەرهەمهێنراوی نوێ، ئەگەر لەم کاتەدا ریکلام تاکەکانی کۆمەڵگە بەو بەرهەمە نوێیە بناسێنێت و هانیان بدات بەکاری بهێنن، ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی زۆربوونی هەلی کار و داهاتی نەتەوەی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە لەسەرجەم بوارەکاندا .

### ٧. کاریگەری ریکلام لەسەر نرخی فرۆشتن:

أ- ریکلام یارمەتی چالاکترکردنی جوڵەی کێبرکێ دەدات لەرێگەی کەمکردنەوەی نرخ، بەڵام هەندێکجار لەرێگریکردن لەم جۆرە کێبرکێیە بۆ ماوەیەکی دور و درێژ سەرکەوتوو دەبێت.

ب- بەشێوەیەکی گشتی ریکلام کاردەکات بۆ زیاتر جێگیرکردنی نرخ لەبازاردا.

ت- ریکلام یارمەتی دەرە بۆ جەختکردنەوە لەسەر هەندێک بەرهەمی دیاریکراو، ئەویش بەهۆی ئەو رۆڵەی کە ریکلام هەیەتی بۆ نمایشکردنی ئەو شمەکانەی لەدەست هەندێک دامەزراوەی دیاریکراوان .

### ٨. کاریگەری ریکلام لەسەر ئازادی بەکاربەر لە هەڵبژاردندا:

کۆمپانیاکانی جیهان مەبەستیانە لە کورترین ماوەدا زۆرترین قازانج بەدەست بهێنن، ئەوان دەیانەوێت کاڵاکانیان بەهایان بۆ پەیدا بکەن و بەئاسانی بەسەر بەکاربەردا ساغی بکەنەوە، بۆیە زۆریان مەبەستیانە هانی تاکی کریار بدەن و تاکو کاڵاکانیان بکرێت و بەکاریان ببەن .

کاریگەری ریکلام لەسەر ئازادی هەڵبژاردن لای بەکاربەر لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت:

أ- ریکلام یارمەتی دەرە بۆ زیادکردنی ئازادی بەکاربەر لە هەڵبژاردنی شمەک لە رێگەی بەدوادا چوون بۆ ئەو شمەکانەی جۆر و چۆنیەتیان باشەو ئارەزووەکانی بەکاربەر

پردەکەنەوە، بەمەش ئاستی کێبرکێ بۆ زیاتر خستنە بازاری باشترین جۆری شمەکە بۆ ماوەیەکی دورو درێژ.

ب- ریکلام تەواوی زانیارییەکان لەسەر شمەک بۆ بەکاربەر ئاشکرا ناکات بەڵکو ڕێنمای دەکات لە هەڵبژاردنی شمەکدا، بەڵام دەتوانین بڵێین تا ئێستاش ریکلام بەشێوەیەکی گشتی سەرچاوەیەکی سەرەکیی زانیارییەکانی تایبەت بەو شمەکانەیە کە لەبازاردا بونیان هەیەو بەکاربەر پێویستی پێیەتی و، ریکلام ڕێنمای دەکات بۆ کرینی، بەو پێیە ریکلام هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دابەشکردن و کڕین لە کۆمەڵگەی ئابوریدا.

ت- ئەو زانیارییانەی ریکلام بۆ بەکاربەری فەراهەمی کردووە وادەکات جووڵەی بەکاربەر باشتر بێت بۆ ڕێنماییان لەسەر باشترین شێوازی کڕین .

## ٩. کاریگەری ریکلام لەسەر وەبەرهێنان و داهاتی نەتەوەی:

أ- ریکلام رۆڵێکی گرنگی هەیەو ئاسان نییە بتوانیت پێوانەی بکەیت بۆ دیاریکردنی ئاستێکی بەرزی خۆشگوزەرانی، هەروەها ریکلام یارمەتی دەرە بۆ چالاککردنی پێداویستی کۆمەڵگە ئەگەر بابەتی جوانکاری بێت یان پێداویستی بێت (کمالیات و چروریات).ئەمەش وادەکات بەردەوام باشی پێداویستیەکان لە کۆمەڵگەی ئابوریدا هەبێت و کە هۆکارێکی سەرەکی دەبێت بۆ ئارەزووی زیادبوونی وەبەرهێنان و دواتریش زیادبوونی داهاتی نەتەوەی.

ب- ریکلام یارمەتی بەرهەمهێنەرەکان دەدات بۆ بەدەستهێنانی قازانج کە ئەمەش هانیان ئەدات بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنان، لەئەنجامدا دەبێتە هۆی زیادبوونی دەستی کارو داهاتی تاکەکەس و داهاتی نەتەوەیی .

بەشێوەیەکی گشتی لەدەرئەنجامی ئەوەی پێشتر ئاماژەمان پێدا دەردەکەوێت کە ریکلام بەبەردەوامی لە بواری ئابوریدا زۆر گرنگ و پێویستە بۆ کۆمەڵگەیەکی ئابووری پێشکەوتوو گەشەسەندوو، هەروەها سوودی ئابووری زۆری بۆ هەمووان هەیە سەرەڕای ئەو رەخنانەی ئاراستەی کراون .

# جۆرەکانی ڕیکلام

بەگشتی جۆرەکانی ڕیکلام لە دوو ڕەهەندی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ دا بەر جەستە دەبن، بەڵام دەبێت ڕەچاوی ڕەهەندی یەکەمیان بکرێت، کارمەندانی بواری ڕیکلام خۆیان لە پیاهەڵدانی کاڵا یەک لە سەر حسابی یەکێکی تر بپارێزێن.

ڕیکلام لە چەند ڕویەکەوە بۆ چەند جۆرێک دابەش دەبن:

**یەکەم: ڕیکلام لەڕوی ئەرکی هەناردنەوە**

لەم ڕوەوە بۆ چەند جۆرێک دابەش دەکرێ :

١- ڕیکلامی فێرکاری (التعلیمی): ئەم جۆرە زیاتر بۆ کاڵا و کەلوپەلی نوێ دەکرێ کە تازە بەرهەم هێنرابێت، پێش ئەوە هیچ ڕیکلامی بۆ نەکرابێت، تازە هێنرابێتە بازاڕەوە، یا بۆکاڵایەکی کۆنی ناسراوە کە لایەنی تری بە کارهێنانی نوێی دۆزراوەتەوە، هێشتا لە لای کڕیار ئاشکرا نەبووە و نەیزانیوە .

٢- ڕیکلامی ڕێنمایی: ئەم جۆرە بۆکاڵایەکی نوێ ، خزمەتگوزاری، بیروهزر، دامەزراوە یەکی ناسراو ئەنجام دەدرێ، زانیاری نوێ، لایەنی تری نوێ دەربارەیان پێشکەش دەکرێ کە خەڵکی لەوەوبەر نەیانزانیوە پێی ئاشنا نەبون . بەکورتی کاری ئەم جۆرە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە جەماوەر زانیاری و ڕێنماییان سەبارەت بە ڕیکلام بۆکراوەکە دەست دەکەوێ لە کورتترین ماوەدا، بەکەمترین ماندوو بون، بەرامبەر بە کرێیەکی کەم . ئەمانە سەر باری ئەوەی کە ڕێنمایی جەماوەری تێدا دەکرێ چۆن پێویستیەکانی دەستەبەر بکات .

٣- ڕیکلامی یادهێنانەوە: گرێدراوی ئەو بابەتانەیە کە جەماوەر دەیزانن، لەوەوبەر پێی ئاشنا بون . ئامانج لەم جۆرە ئەوەیە کە جەماوەر بابەتەکان لە یاد نەکەن، لە بیریان نەچێتەوە، هەروەها ببێتە یارمەتیدەرێک بۆئەوەی بتوانن پێویستیەکانیان جێبەجێ بکەن .

٤- ڕیکلامی میدیایی (ئیعلامی) : ئەم جۆرە بە مەبەستی بە هێزکردن وبەرەوپێشەوەبردنی جۆرە پیشە سازییەک یا جۆرە کاڵایەک، خزمەتگوزارییەک،...ئەنجام دەدرێت، ئەویش بە هۆی پێشکەشکردنی جۆرە زانیاریەکە کە ببێتە هۆی بڵاوبونەوەی لە ناو جەماوەردا ، هەروەها بۆئەوەی پەیوەندی نێوان ئەوان وڕیکلام بۆ کراوەکە بەهێز وتوند بکات، یا بۆ ئەوەی دید و بۆچونێکی تایبەت لە لای جەماوەر دروست بکات، یا هەڵە لەیەک تێگەشتنێک ڕاست بکاتەوە کە ببێتە هۆی ژیاندنەوەی بڕوای بەرامبەر سەبارەت بە کاڵا، خزمەتگوزاری، دامەزراوە، ....ـان . ئەم جۆرەی ڕیکلام بە یەکێک لە شێوازەکانی پەیوەندی گشتی لە قەڵەم دەدرێ

٥- ڕیکلامی کێبەرکێیی: ئەم جۆرە بۆ ئەو کاڵا و کەلوپەلە یا خزمەتگوزارییە ئەنجام دەدرێ کە لە بازاڕدا جێگای خۆی کردۆتەوە وناسراوە کەچی کێبەرکێ کارێکی بۆ پەیدا بووە کە هەوڵدەدا جێگای پێلێژبکات وشوێنی بگرێتەوە، جێگای ئاماژەیە کە کاڵا نوێیەکە خاوەن هاوسەنگیەکە لەڕوی جۆر، بەها، بەکاربردن، تایبەتێتی .

**دووەم: ڕیکلام لە ڕوی تایبەتکارییەوە :**

لەم ڕووەوە بۆ چەند جۆرێک دابەش دەکرێت:

١- ڕیکلامی ئەهلی _ گشتی: ئەم جۆرە بابەتەکەی بەرهەم یا خزمەتگوزارییە، لە سەر ئاستی هەموو دەوڵەت دابەش دەکرێت ، هەروەها ئەو کەناڵەش بەکاردێت کە لە سەر ئاستی گشتی دابەش دەکرێت وەک: ڕۆژنامەی ڕۆژانەی گشتی، گۆڤاری هەفتانەی گشتی، ڕادیۆ وتەلەفزیۆن .

٢- ڕیکلامی ناوخۆ: بۆئەوبابەتانە دەکرێت کە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دابەش دەکرێت، ڕیکلامەکە بۆ ئەو کڕیارانە ئاڕاستە دەکرێت کە لەو ناوچەیەدان، ئەو کەناڵانەش بەکاردێت کە لە ناوچەکەدا باون و بەزۆری بڵاون، وەک: تابلۆی سەر ڕێگاکان، سینەما، ڕادیۆی ناوخۆ ، ...

٣- ڕیکلامی پیشەیی _ هونەری: بۆئەوبەرهەمانە بەکاردێت کە بەکەس ولایەنێکی تر دەفرۆشرێن، ئەوانیش لە بەرهەم هێنانی کاڵای تردا بەکاری دەهێننەوە، ئەم جۆرەش بەوە جیا دەکرێتەوە کە کڕیارەکان دیار و ناسراون، ڕیکلامکەر دەتوانێ ڕاستەوخۆ،لە ڕێی کەناڵە جۆراو جۆرەکانەوە پەیوەندییان پێوەبکات، بەتایبەت ئەوانەی کە گرێدراوییان بەوانەوە هەیە، وەک : گۆڤارە هونەری و پیشەییەکان، پێویستە ڕیکلامەکە هەموو زانیاری، ڕەهەند و لایەنە هونەری و پیشەییەکانی تێدا بێت .

٤- ڕیکلامی بازرگانی: بۆئەو جۆرە کاڵا وبەرهەم،خزمەتگوزاریانە بەکاردێت کە بە هۆی بریکارەکانەوە دەگاتە دەستی کڕیار، ئەمان دەیفرۆشن. دەبێت ستایلی ڕیکلامەکە هەموو زانیارییەکی پێویستی تێدا بێت کە پێویستییان پێی هەیە چونکە ئەمانە بازرگانن وبەدوای قازانجەوەن . کەناڵی باوی ئەم جۆرە گۆڤاری تایبەت، پۆستی ڕاستەوخۆیە.

٥- ڕیکلامی پیشەیی: ئەم جۆرە بە تایبەت بۆ ئەو کەسانە پێشکەش دەکرێت کە خاوەن پیشەیەکی دیاری کراون، زانیاری تەواوییان دەربارەی ئەو کاڵایە دەدرێتێ، ئەوان بەکاری دەهێنن بەڵام کەسانی تر ڕا دەسپێرن کە بیکڕن، بۆ نمونە : پزیشکەکان سەبارەت بە داو

ودەرمان ڕیکلامیان پێشکەش دەکرێت بەڵام ئەمان نەخۆشەکانیان ڕادەسپێرن کە بیکڕن باشترین کەناڵ بۆئەم جۆرە ڕیکلامە گۆڤاری هونەری وزانستی، پۆستی ڕاستەوخۆیە.

**سێیەم: ڕیکلام لەڕوی بابەتەوە**

سەبارەت بە بابەت وناوەڕۆکی ڕیکلام جۆراوجۆروفرەن بەڵام باوترینیان بریتین لە :

١-ڕیکلامی میری: هەموو ئەو بڕیار، ئاگاداری، فەرمان، پرس،..انە دەگرێتەوە کە لەدام ودەزگاکانی میرییەوە دەر دەچن، جێگای ئاماژەیە کە ئەم جۆرە لە ڕۆژنامە، گۆڤا،..ە ڕەسمی و ڕۆژانەکان بڵاو دەکرێنەوە.

٢-ڕیکلامی ڕوناکبیری: هەموو ئەو هەواڵ وباس وخواسانە لە خۆ دەگرێ کە بە هۆیەوە سەرنجی تاک ڕا دەکێشرێ بەلای بابەتێک یا چالاکیەکی زانستی، ڕوناکبیری، هونەری ،...ئەم جۆرە ڕیکلامە پێویستیەکە کە ناکرێ لە هیچ کاتوشوێنێکدا فەرامۆش بکرێت چونکە کۆمەڵانی خەڵک هان دەدا کە بەشداری لە چالاکیە جەماوەریەکاندا بکەن، بەمانای زیاتر دەستاوێژی هاندانە وەک لەوەی بۆ قازانج بێت .

٣-ڕیکلامی کۆمەڵگە :هەموو ئەوهەواڵ وبابەتانە دەگرێتەوە کە لە سۆنگەی بڵاوکردنیەوە سەرنجی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە بۆ لای ڕوداوێک، کارەساتێک، بۆنەیەک، ...ڕادەکێشرێ وەک: مردن، زەماوەند، لەدایک بون، ... هتد .

٤-ڕیکلامی ڕێنمایی: هەموو ئەو ڕیکلامانە دەگرێتەوە کە لایەن ودامەزراوە تایبەت کارەکان بڵاویان دەکەنەوە، هاو وڵاتیان هان دەدەن بۆ بەرەوپیرەوە چونی کارێکی هەرەوەزی، هەڵمەتی خوێن بەخشین، پاکژ کاری , ... کە بە شێوەیەکی گشتی لەخزمەت هاووڵاتیان خۆیاندایە .

٥-ڕیکلامی بازرگانی: هەموو ئەو دەستاوێژ و شێوازانە دەگرێتەوە کە بە هۆیەوە خەڵکی دەزانن کاڵایەک هاتۆتە بازاڕەوە، هانیان دەدا کە بچن ، بیکڕن .

لەڕوویەکی ترەوە

## جۆرەکانی ریکلام

ریکالامەکان جۆریان زۆرە بەڵام بەشـــێوەیەکی گشـــتی دەتواندرێت لە چەند جۆرێکدا کۆیان بکەینەوە پۆلێنیان بکەین، بۆیە جۆرەکانی ریکلام بریتیە لە:-

**١-ریكلامی پەروەردەیی:-** یەكێك لە جۆرەكانی ریكلام، هاوكات لەگەڵ مەبەستی بازرگانی، مەبەستی زانستی و پەروەردەیی هەیەو وەرگر لەدەست گەیشتنی بەو بابەت و كاڵایانە، سوودی زانستی و پەروەردەیی پێ دەگات.

**٢- ریكلامی رێنویی و ئاراستەكردن:-** جۆرێكی تری ریكلام، وا دەردەكەوێت كە مەبەستی ئاراستەكردن و ئامۆژگاریكردن و رێ نوێنیكردنە، بۆ نمونە لە بواری تەندروستی، لەبواری ژینگە، لەبواری كۆمەڵایەتی، لەبواری خۆپاراستن...هتد.

**٣- ریكلامی كێ بركێ:-** هەندێك ریكلام، هەر هەمان كاڵاو كەرەستەو بابەتن، كە لە شوێنی ترو لە كەناڵی تر، ریكلامیان بۆ دەكرێت، بەڵام بەمەبەستی بەزیندویی مانەوەی كۆمپانیاكان و برەودان بەو كەرەستەو كاڵایانە پێشبركێ دروست دەكەن، بەشێوەیەك بەراوردكاری كوالیتی و خاسیەتی تری بابەتەكە دەردەخەن، كە ئەمە زیاتر بۆ ئەوەی ئەو كێ بركێیە بەردەوامی هەبێت و كۆمپانیاو كاڵاكان و پڕ فرۆشیان نەكەوێت.

**٤- ریكلامی بەبیرهێنانەوە:-** لەم جۆرە ریكلامانەدا، لە پێشتردا ریكلامێك ئەنجام دراوە یان خەڵك بەو بات و كاڵایە ئاشنایەتی هەیە، بۆیە كۆمپانیاكان ریكلامێك دروست دەكەن و بڵاویدەكەنەوە، تاوەكو وەرگر بەبیری بێتەوە، كە كەرەستەیەكی ناوازەو پێویست هەیە، تاوەكو لە دواجار ئامانجی كڕین و فرۆشتەنیەكە بەردەوام و زیاتر بێت.

**٥- ریكلامی تەشویقی:-** یەكێك لە جۆرەكانی تری ریكلام، بۆ كات بەسەربردن و پشودان بە مێشكە، تاوەكو بەرهەمێكی تری میدیای لەو رێگەیەوە ببیندرێت. بۆ نمونە لەنێوان برگەی پڕۆگرام و فلمەكاندا، یان لەنێو لاپەرەی گۆڤارو رۆژنامەكاندا.

**٦- ریكلامی بۆنەكان:-** جۆرێكی تری ریكلام، لە بۆنەكان دەردەكەون، وەكو لە بۆنە كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییەكان، هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن، یادو بۆنە ساڵانەییەكان...هتد.

**٧- ریكلامی (هەواڵ) ی:-** ئەم جۆرە ریكلامانە ناوەرۆكێكی (هەواڵ)ییان لەخۆ گرتووە، بەبینین و سەیركردنیان، زانیاری نوێیان دەست دەكەوێت كەلەمەوبەر نەبیندراو بێت و نەبیستراو نەزاندراو بووبێت.

بۆ نمونە ریكلامكردن بۆ فرۆكەیەكی نەفەر هەڵگری بەریتانی، كە لەئاسماندا لەتوانایدایە حەوزی مەلەكردن بكاتەوەو گەشتیارەكان دەتوانن مەلەی تێدا بكەن، وەك دەبیندرێت، لەگەڵ ئامانجە بازرگانییەكە، وەرگر بە(هەواڵ)ێكی تەكنەلۆژیای نوێ دەگات.

## ریکلامکردن لەسەر بنەمای شوێن

بێگومـان چەنـدین دابەشـکاری و پۆلینکردنی ریکلامکردن هەیە، یەکێک لەدابەشـکارییەکانی تری ریکلام، لەسـەر بنەمای شـوێنە، واتا بە گوێری شـوێنی بڵاوکردنەوەی ریکلامەکەیە:-

**١-ریکلامی ناوخۆیی:-** بریتیە لە جۆرە ریکلامانەی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و لەکەناڵە ناوخۆییەکان و تەنها لەسـنوری ناوچەیەکی دیاریکراودا پەخش و بڵاودەکرێنەوە، بۆیە ناوەرۆکی ئەو جۆرە ریکلامانە پێویسـتە ئەو لێکدانەوەیە لە هەموو روویەکەوە لە خۆ بگرن، تاوەکو بواری سایکۆلۆژی و لایەنی ئابووری و باری کۆمەلایەتی و بیرکردنەوەی خەڵک، لە ریکلامەکاندا رەنگبداتەوە،

بەو مانایەی گونجاویی و تەبایی لەنێوان ریکلام و بابەت و کالاکان لەگەڵ سـنووری وەرگرە ناوخۆییەکان یەکانگیر بێت، نەوەک بەریەککەوتن و ناتەبایی لێ بکەوێتەوە.

**٢- ریکلامی هەرێمی یان لەسەر ئاستی ولات:-** ئەم جۆرە ریکلامانە، سنوری هەرێمێک یان سـنووری ئاسـتی ولاتێک دەگرێتەوە، کە ئاخۆ لە سـەر ئاسـتی ئەو هەرێم و ولاتە، چەند ئاین و تیرەو هۆزو نەژادو رەنگ و ئایدیۆلۆجیای جیاواز تیایایدا دەژین. ئاسـتە جیاوازەکانی خەڵک و ئاسـتی تێگەیشـتن و پەروەردەییان چەندە، هێزی ئابوورییان و سیسـتەمی بەرێوەبردن و دیموکراسی و لایەنی دیمۆگرافییان چۆنە. بۆیە دروسـتکردنی ئەو جۆرە ریکلامانە، هەموو ئەو لێکدانەوانە لەبەرچاو دەگرێت و لەناخی ریکلامەکدا بوونیادی دەنێت، تاوەکو ئامانجی راستەقینەی خۆی بەدرستی بپێکێت.

**٣- ریکلامی نێودەوڵەتی:-** ئەو جۆرە ریکلامانە، سـنووری ولاتان لە رێگەی کەناڵە میدیا نێو دەوڵەتییەکان دەبرێت، بۆیە گرنگە یاسـا نێو دەوڵەتییەکان لەبواری ریکلام و میدیادا بزانێت و پەیرەوی رێز لە رەنگ و نەتەوە جیاوازەکان و کەلتورە هەمەچەشنەکان و سیاسەت و باری ئابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی ولاتان، بگرێت.

# نامە ڕیکلامیەکان

کڕیار پێویستی بە زانیاری ڕون وسادەیە ، پێش ئەوەی دەست بکات بە گیرفانیدا، پارەکەی ئامادەبکات بۆ کڕینی کالاَکە دەبێت شارەزایی وزانیاری تەواوی دەربارەی کالاَکە یا خزمەت گوزاریەکە دەست بکەویَ، ئەمەش لە ڕێگای نامە ڕیکلامیەکانەوە بە ئەنجام دەگات.

**جۆرەکانی نامە ڕیکلامیەکان :**

١. نامەی ڕاڤەیی: نامەکە لەم جۆرەدا بە شێوەیەک دادەڕێژرێت کە زانیاریەکانی شێوازی ڕاڤە کردن و فێر کردن لە خۆبگرێت، لایەنە جۆرا و جۆرەکانی کالاَکە ڕون بکاتەوە، سودەکانی دیاری بکات. ئەم شێوازە بۆ ئەو کالاَوکەلوپەل وخزمەتگوزاریانە بە کاردێت کە هێشتا جەماوەر تەواو بڕوای بە لایەنە چاک و باشەکانی نیە، ئالێرەوەیە کە دەشێ بگوترێ ئەم جۆرە هێندە زانیاری تێدایە کە گومان لە لای جەماوەر ناهێڵێ ، کڕیار دێتە سەر ئەو ڕایەی کە کالاَکە بکڕێ .

٢. نامەی پیاهەڵدان: نامەکە لەم جۆرەدا بە پلەی یەکەم لەسەر پیاهەڵدان ، هەڵنانی کالاَکە و تایبەتمەند یتیەکانی، چۆنیەتی بەکارهێنانی، بوارە جیاوازەکانی سودلێبینینی وەستاوە .

٣. نامەی سادە: ئەم نامانە سادەیی وساکاری لە خۆدەگرن بە جۆرێک کەناوی کالاَ وتایبەتمەندێتیەکانی زۆر بە سانایی و بە شێوەیەکی هونەری پێشکەش دەکرێت کە کاریگەری خۆی بە جێ دەهێڵێ، بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە بۆ کالاَی سادە جێبەجێ دەکرێ، وەک : ماست ، پەنیر، شوکولاتە ، کەلوپەلی ناوماڵ ،... هتد .

٤. نامەی بەڵگەدار: نامەکە گەواهی کەسێکی ناسراو ودیاری تێدادەکرێت بە بەڵگە کە ئەوکەسە بە کالاَکەدا یا ئەوخزمەتگوزاریەدا هەڵدەدا بەلاَم کاریگەری ئەم تەرزە گرێدراوی چالاکی، ئاستی ناسراوی، دەمپاراوی کەسەکەیە . بۆنمونە: بەکارهێنانی پاڵەوانێکی تۆپی پێ بۆ ڕیکلام کردن دەربارەی مەکینەی ڕیش تاشین .

٥. نامەی دیالۆگ: ئەمجۆرە نامانە شێوازی دیالۆگ وەردەگرن،لە نێوان دووکەس یازیاترە، ئەم جۆرە بە زۆری لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکاندا بە ئەنجام دەگەیەنرێ چونکە جۆرێک لە جوڵەوچالاکی دەدات بە ڕیکلامەکە .

## کارمەندانی بواری ڕیکلام :

چەند کەس ولایەن پەیوەندییان بەڕیکلامەوە هەیە ، هەروەها لەو بوارەدا کار دەکەن :

١. ڕیکلامیار: خاوەنی بیرۆکە، بەرهەمهێنەری کاڵا، پێشکەشکەری خزمەتگوزاری ئینجا تاک بێت یا دامەزراوە دەچنە ئەم خانەیەوە، بەڕیوبەری ڕیکلام بە هاوکاری لێژنەیەکی تایبەت پلان وسیاسەتی دامەزراوە ڕیکلامیەکە دادەنێن .

٢. ئاژانسی ڕیکلام: ئاژانسی ڕیکلام کۆمپانیا یا دامەزراوەیەکی تایبەتکارە لە پرۆسەی ڕیکلامدا چی لە ڕوی پلان دانانەوە یا جێبەجێکردنیەوە، ئەم هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی هەڵمەتی ڕیکلام پاش کۆکردنەوەی زانیاری تەواو، ئامار، پێویستی، ...ئەم هەڵدەستێ بە داڕشتنی سیاسەت، دیزاین، ...ی ڕیکلام، بەدوادا چونی هەڵمەتی ڕیکلام، دیاری کردن، دۆزینەوەی لاوازیەکانی.

٣. بڵاوکەرەوە: ئەم خاوەنی هۆکانی ڕاگەیاندنە ، دەشێ ڕۆژنامە یا ڕادیۆ یا وێستگەی تەلەفزیۆن بێت ، هەروەها دەشبێت کەسێک یا دامەزراوەیەک یا دەوڵەتێک بێت .

# تەلەفزیۆن ریکلامی تەلەفیزیۆنی

وشەی تەلەفزیۆن وشەیەکی لێکدراوە لە دوو وشە پێک دێت (Tele) بەواتای (دووری) دێت لەزمانی یۆنانی، ( (Visionوشەیەکی لاتینیە بەواتای (بینین، روانین) دێت، هەردوو وشەکە بەلێکدراوی لەزمانی کوردیدا دەکاتە (بینین لە دورەوە). مێژووی داهێنان یان پەیدابوونی تەلەفزیۆن بەبەراورد لەگەڵا کتێب و رۆژنامەو گۆڤار زۆر کۆن نییە و، دۆزینەوەی تەلەفزیۆن کەمێک لە دوای سینەماوەیە، لەگەڵ رادیۆدا دەتوانین بڵێین لەیەک سەردەمدا بوون ئەویش لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوو بوو .تەلەفزیۆنی یەکێکە لەکاریگەرترین هۆیەکانی راگەیاندن لەسەر جەماوەر لەرۆژگاری ئەمرۆماندا کە هەواڵا و بەرنامەکانی بەشێوەی پەیامی دەنگ و رەنگ و وێنە و جوڵە لەئاستێکی هونەری بەرزداو بەسیستەمی ژمارەی (دیجیتاڵ) لەرێگەی مانگە دەستکردەکانەوە پێشکەش دەکات، کە ئەم سیستەمە لەلایەن کەناڵە ئاسمانیەکانەوە بەکاردەهێنرێت کە پەخشی سەتەلایتیان هەیە .

تەلەفزیۆن لەسەرتاسەری جیهاندا بەسەرکەوتووترین ئامرازی ریکلامکردن دادەنرێت سەرەرای ئەوەی بەم دواییانەو لەسەردەمی نوێدا دەرکەوتووە، تەلەفزیۆن وەک ئامرازێک تەواوی تایەبتمەندییەکانی تێدایە بۆ ریکلامکردن بەبەکارهێنانی تەواوی رێگاکانی دروستکردنی کاریگەری لەسەر فرۆشتن، لەبەرئەوەی تەواوی توانا هونەرییەکانی تێدا بەکاردێت، وەک دەنگ و وێنە و جوڵەو رەنگەکان و میوزیک کە هەموو ئەمانە کاریگەری لەسەر بەکاربەر دروست دەکەن . هەروەها تەلەفزیۆن بە ئامرازێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ دڵخۆشکردن و بنایاتنانەوە، ئەمە جگەلەوەی کۆمەڵێک بەرنامە و بابەت پێشکەش دەکات کە گرنگی بۆ هەموو کۆمەڵگە هەیە . تەلەفزیۆن بەئامرازێکی گرنگ و پڕ بایەخی دادەنرێت، کە زۆربەی کۆمپانیا بازرگانیەکان و حکومەت و دامەزراوەکان، بەمەبەستی ریکلامکردن پشتی پێدەبەستن. لەهەمان کاتدا ریکلام لە دنیای رۆژئاواو ئەمریکادا بەسەرچاوەیەکی سەرەکی و بەردەوامی دارای و دەستکەوتی مادی و قازانجی دەزگاکانی راگەیاندن دادەنرێت .

## ڕۆڵی تەلەفزیۆن لەچالاککردنی کاریگەری ریکلامی تەلەفزیۆنی

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی ریکلامی:

- **داهێنان و کاریگەری:**

یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی ریکلامی کۆکردنەوەی دەنگ و وێنەی جوڵاوە کە کردویەتی ئامرازێکی باوەرپێهێنەرو کاریگەر لەسەر بینین و بیستن و سەرنجراکێشانی بینەر ئەمەش زۆرترین کاریگەری دەبێت لەچاو ئامرازەکانی تری راگەیاندن، ئاوێتەبوونی وێنەی جوڵاو و دەنگ رێگە خۆشکەرە بۆ هەلی داهێنان و نەرمونیانی لەگەشەپێدانی پەیامی ریکلامی .

- **روماڵکردن و چالاککردنی تێچوون:**

تەلەفزیۆن دەتوانێت لەیەک کاتدا و زۆر بەخێرای بگاتە ژمارەیەکی زۆری جەماوەر، هەروەها وا دادەنرێت یەکێکە لەو ئامرازانەی کە لەلایەن زۆرترین جەماوەرەوە قبول دەکرێت، سەرەرای جیاوازی لە پەیام و تایبەتمەندی و نەریتیان، چونکە لە رێگەیەوە زۆرترین بابەت بۆ بینەر نمایش دەکرێت، یان پیشان دەدرێت و، زۆربەی بینەریش پێیوایە لەرێگەی تەلەفزیۆنەوە دەتوانن بگەنە بازارە گەورەکان و نرخەکانیش بزانن، هەروەها دامەزراوەو ناوەندە بازرگانیەکانیش تەلەفزیۆن بەباشترین ئامراز دادەنێن بۆ گەیاندن و فرۆشتنی شمەکەکانیان بە جەماوەر، ئەمە وێرای دابەشکردنێکی فراوانی شمەکەکانیان لەبازار کە لەرێگەی تەلەفزیۆنەوە ریکلامی بۆ دەکرێت بە نرخێکی کەم .

- **دیاریکردن و نەرمونیانی:**

تەلەفزیۆن لە چەند رێگەیەکی جیاجیاوە بینەری خۆی دیاری دەکات، لەوانە کاتی بڵاوکردنەوەی ریکلام، چۆنیەتی ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنیانەی بڵاودەکرێنەوە، هەروەها تەلەفزیۆن هەندێک بینەر دیاری دەکات کە بەلای ئەوەوە کۆمەڵێکی تایبەتی وەرگرتنی هەندێک بەرنامەی دیاریکراون.

## قاڵبە هونەرییەکان

قاڵبە هونەرییەکان چەندین جۆرن کە لەرێگەیەوە ریکلامی تەلەفزیۆنی دەکرێت بۆ هەندێک بابەتی سادەی ئابووری کە تێچوونی کەمەو بەشێوەیەکی خێرا جێبەجێ و ئامادە دەکرێت. ئازادی لەهەڵبژاردنی زیاتر لە قاڵبێ کە دەتوانرێت لە رێگەیەوە باشترین سروشتی ئامانجی ریکلامی و ناوەرۆکەکەی و سروشتی راستەقینەی نرخی شمەک بگەیەنرێتە وەرگر .

## لایەنە باش و خراپەکانی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی ریکلامکردن

### یەکەم/ لایەنە باشەکانی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی ریکلامکردن:

١. ریکلامەکانی سەرنج راکێشن، چونکە بەشێوەی وێنە و دەنگ و بەکوالێتی بەرز پەخش دەکرێت.
٢. سوود لە تەکنیکی پێشکەوتوو وەردەگرێت وەکو کۆمپیوتەر ئامێری بواری وەبەرهێنان و مۆنتاژو دۆبلاژی دەنگ و رەنگ بۆ جوانکاری لە ریککلامدا.
٣. توانای دووبارە کردنەوەی ریکلامی هەیە لە ماوە جیاوازەکانی پەخشدا.
٤. سوود لە کەسایەتتیەکان وەردەگرێت بۆ سەرنجراکێشان و بایەخپێدان و باوەرپێهێنانی بینەران بە ناوەرۆکی بابەتی ریکلام بۆ کراو.
٥. هەردوو هەستی بینین و بیستن (چاو گوێ) تێیدا بەشدارن، ئەمەش وادەکات زیاتر بیرۆکەی ریکلامەکە لای جەماوەر بچەسپێت و متمانە ببەخشێت و لە یادەوەریدا بمێنێتەوەو بیری کەوێتەوە .

### دووەم/ لایەنە خراپەکانی تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی ریکلامکردن:

١. نرخی ریکلامکردن لە تەلەفزیۆن بەبەراورد بە ئامرازەکانی تری راگەیاندن گرانترە.
٢. بەرهەمهێنانی کات و ماندوو بوونی زیاتری دەوێت.
٣. زۆرجار بێزارکەرە، بەهۆی دووبارەو چەند بارەکردنی نا پێویستییەوە.
٤. پێویستی بە خۆتەرخانکردنەو کاتی تایبەتی بۆ تەماشاکردن دەوێت.

٥. زۆرجار زیادەرەوی لە نمایشکردنی وێنەی کاڵاو خزمەتگوزارییەکانداو کوالێتی و رەسەنی جۆریاندا دەکرێت و دوورن لە راستیەوە.
٦. هەندێکجار رەچاوی لایەنی رەوشتی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەی تیایدا ناکرێت، زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت .

## جۆرەكانی ریكلامی تەلەفزیۆن

پسپۆرانی بواری راگەیاندن و ریكلام چەندین دابەشكاری جیاوازیان بۆ ریكلام كردووە، هەر یەكەیان لە روویەكی ئەم ژانرەوە شێواز و جۆرەكانی ریكلامی تەلەفزیۆنیان دابەشكردووە، لەم توێژینەوە هەوڵ دەدەین چەند دابەشكارییەک بۆ ریكلام بكەین، لێرەدا ریكلامی تەلەفزیۆنی بەم شێوەی خوارەوە دابەش دەكەین:

### یەكەم/ لەرێگەی پێشاندانی ریكلام

١. **ریكلامی راستەوخۆ:Straight announcement**

جۆرێكە لەجۆرەكانی ریكلام راستەوخۆ روبەرووی بەكاربەری دیاریكراو دەكرێتەوە . ئەم جۆرەی ریكلامی تەلەفزیۆنی كورت دەبێتەوە بۆ دەركەوتنی كەسێک كە راستەوخۆ قسە بۆ بینەر دەكات لەسەر شمەكێكی دیاریكراو و، زۆربەی كات ئەو كەسەی ریكلامەكە دەكات خۆی بەكاری دەهێنێت، وەک ریكلامكردن بۆ جۆرێكی برنج، بەڵام لەو كاتەدا كەسی ریكلامكەر برنجەكە دەخوات، ئەم جۆرەش لەسەر دوو خاڵ دەوەستێت:

أ- سەرنجراكێشی و كاریگەری ئەو كەسەی ریكلامەكە دەكات.

ب- گونجاوی و ئاسانی پەیامە ریكلامیەكە .

٢. **نمایشكردن Demonstration :**

ئەم جۆرە پشت بە پیشاندان، یان نمایشكردنی شمەكێک دەبەستێت كە لەچەند كاتێكی جیاجیاداو پێشتریش پیشاندراوە (ئەو شمەكەی بەردەوام لەبەكارهێناندایە، سوودەكانی بەكارهێنانی، خراپییەكانی بەكارنەهێنانی)، ئەمەش بیرۆكەی بنەرەتیە لە پیشاندان لە ریكلامی تەلەفزیۆنیدا بەرامبەر بەكارهێنانی وێنەیە لە ریكلامی رۆژنامەوانیدا.

هەمیشە فیلمی ریكلامی تۆماردەكرێت كە شێوازی پیشاندان بەكاردەهێنێت پێش ئەوەی پێشان بدرێت، تا هەلی فێربوون و شارەزابوون لە شمەک برەخسێنێت.

### ٣. ریکلامکردن لە ریگەی قسەکردنی کەسایەتیەکەوە :Testimonial

لەم جۆرەی ریکلامی تەلەفزیۆنیدا نەخشەسازی ریکلام پشت دەبەستێت بە دەرخستنی کەسایەتییەکی ناسراو کە شمەکێک بەکاردەهێنێت، یان داوای بەکارهێنانی دەکات، ئەمەش لەریکلامی رادیۆی دەچێت کە پشت بەهەمان شێواز دەبەستێت .

### ٤. ریکلامی درامای Dramatization :

لەم جۆرەی ریکلامدا کەسی ریکلامکەر هەوڵدەدات بۆ دەرخستنی بیرۆکەی ریکلام لەرێگەی پێشاندانی چیرۆکێکی درامی کە جیاوازی کەسێک پیشان دەدات لە پێش و دوای بەکارهێنانی شمەکێک لەگەڵا سوودی ئەو شمەکەی کەسەکە بەکاریهێناوە، ئەم شێوازە زۆرترین گرنگی پێدەدرێت و، توانای دروستکردنی زۆرترین کاریگەری هەیە بەو پێیەی:

أ- بەباشی هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی رۆڵ لە چیرۆکەکەدا ئەبینن.

ب- بەستنەوەی بابەتەکە و ئاستی پابەندبوونی بە بواری هونەرییەوە.

لەم جۆرە ریکلامەدا داستانێکی کورت بۆ بەکارهێنانی کاڵاکە دروستدەکرێت بەجۆرێک کاریگەر و سەرنجراکێش بێت. بۆنمونە میکرۆبەکان لە ناو دەمی منالێکدا هێرش دەکەنە سەرددانەکانی ئەویش بە فلچە و مەعجوونەوە دەچێتە جەنگیان و بەمەش ریکلامێک بۆ مەعجوننەکە دەکرێت .

### ٥. ریکلامی تۆمارکراو: Documentary

ئەو جۆرەی ریکلامە پشت دەبەستێت بەدڵنیاکردنەوە لە پەیامی ریکلامی بۆ پیشاندانی بەڵگەو رونکردنەوەی بەیاننامەو زانیاری تایبەت بە شمەک وەک راپۆرتی پزیشکی، یان ئەو هەڵسەنگادنانەی بۆ شمەکەکە کراوە .

### ٦. ریکلامی وتووێژکاری Dialogue :

ئەم جۆرەی ریکلام پشت بەوتووێژی دوو کەس، یان زیاتر دەبەستێت لەسەر ئەو شمەکەی ریکلامی بۆ دەکرێت، لەوانەیە وتوێژەکە لەنێوان نوێنەری کۆمپانیای ریکلامکار

بێت لەگەڵ کەسێک کە نوێنەرایەتی بەکاربەر دەکات، بەکاربەر باسی تایبەتمەندی کاڵاو شتومەکەکە ئەکات لەگەڵ هۆکاری بەکارهێنان و دوبارە کرینەوەی، هەروەها نوێنەری کۆمپانیاکە باسی سودەکانی کاڵاو شتومەکە کە ئەکات لەگەڵ هەر گرنگییەکی تری کاڵاکە، هەندێکجار بەکاربەر پرسیار دەکات، لەبارەی کاڵاو شت و مەکە و نوێنەری کۆمپانیاکە وەڵامی دەداتەوە .

### ٧. ریکلامی بیرخستنەوە Reminder :

ئەم جۆرەی ریکلام دژایەتی بیرچوونەوە لای بەکاربەر دەکات، بەتایبەتی لەبازاری رکابەریدا گرنگی زۆری هەیە، هەروەها لە قۆناغی بەرهەمهێنانی کاڵاو بەرهەمەکان، ئامانجی سەرەکی ئەم جۆرەی ریکلام بیرخستنەوەی بینەرە بۆ شمەکێک کە پێشتر ناسیویەتی، بۆ نموونە کۆمپانیای کۆکا کۆلا ساڵی ١٩٩٦ بڕێکی زۆر داهاتی خەرج کرد لەهەڵمەتی ریکلام کردن بۆ کۆکا کۆلا، ئەمەش نەوەک لەپێناو پێراگەیاندن و، بروا هێنانی جەماوەر، بەڵکو لەپێناو بیرخستنەوەی جەماوەر بەکرینی بەرهەمەکانی کۆکا کۆلا. هەروەها ریکلامی پاڵپشتی بەجۆرێک لە جۆرەکانی ریکلامی بیرخستنەوە دادەنرێت و پاڵپشتی ریکلامی بیرخستنەوە کات و کارەکانی تەواو دەکات، ئەم جۆرەی ریکلام ئامانجی جەخت کردنەوەیە لە کریارەکان کە بڕیاری گونجاو بدەن، لەوەی کە بەردەوام بن لە کرینی ئەو شتومەکانە .

### ٨. ریکلامی وێنەی جوڵاو :Cartoon- Animation

یەکێک لەبڵاوترین شێوازەکانی ریکلامی تەلەفزیۆنی بەکارهێنانی شێوازی وێنەی جوڵاوە کە پشت دەبەستێت بەوێنەگرتنی کەسایەتیە جیاجیاکان هەندێک جار لە شکڵی فیلمی کارتۆنیدا دەکرێن . ریکلامی وێنەی جوڵاو گوزارشت لەجۆرێکی جیاوازی ریکلامی تەلەفزیۆنی ناکات، بەڵکو شێوازێکە لەو شێوازانەی کە کەسی ریکلامکەر دەتوانێت بەکاری بهێنێت بۆ باسکردنی بیرۆکەی ریکلام، وەک بەکارهێنانی شێوازی هونەری بۆ پیشاندانی شمەکێک، وەک ئەوەی دەروات یان دەفرێت، ئەمەش لەرێگەی پیشاندانی چەندین وێنەی جیاجیا کە واپیشاندەدات شمەکەکە دەجوڵێت، لێرەدا پێویست بەبەکارهێنانی ئامێری پێشکەوتوو هەیە بۆ وێنەگرتن و مۆنتاژ و ...هتد .

**دووەم/ لەڕێگەی کڕینی کاتی ریکلام**

**١. پارەدارکردنی (تمویل) بەرنامەی تەلەفزیۆنی (سپۆنسەر):**

ئەمە شێوازێکە لە ریکلامی رکابەری کە زۆربەی کات کۆمپانیا زەبەلاحەکان پشتی پێدەبەستن، کە تێیدا کۆمپانیاکان رێکەوتن لەگەڵا بەریوەبەرانی تەلەفزیۆنەکان دەکەن بەوەی کە کۆمپانیاکە تێچوونی بەرنامەیەکی دیاریکراو بگرێتە ئەستۆ، لەبەرامبەردا تەلەفزیۆن رێگە بەکۆمپانیا دەدات کە ریکلامەکانی پەخش بکات لەو بەرنامەدا ، بۆ نموونە وەک ئەو کۆمپانیایەی هەڵدەستێت بەسپۆنسەرکردنی یارییەکانی جامی جیهانی لەگەڵ گرتنە ئەستۆی مافی پەخشکردنی ریکلامەکانی تەنها لە پێش و لەماوەی بەڕێوە چوونی ئەو پاڵەوانێتیە .

**٢. کڕینی بەکۆمەڵ بۆ کاتی ریکلام:**

چەند بەرهەمهێنەرێکی بەکۆمەڵا رێک دەکەون لەگەڵا بەرێوەبەری تەلەفزیۆنەکان بەکرینی کاتی بەرنامەکان تاکو ریکلامەکانیان ئاراستەی بەرهەمهێنەرە بچووکەکان بکەن، یان  شمەک و کەل و پەلەکانیان لەو کاتەدا بەبەکاربەر دەناسێن، لەم رێگەیەوە زۆربەی کات ئەم ریکلامکارانە تێوونیان کەمتر دەبێت، چونکە زیاتر لە ریکلامکەرێک لە کرینی کاتی ریکلامکردن بۆ بەرهەمەکانیان بەشدار دەبن، لەرێگەی دابەشکردنی ئەو کاتەی کریویانە بەسەر ژمارەیەک ریکلامکەردا.

**٣. ریکلامی تاکی (فردی) :**

لایەنی ریکلامکەر هەڵدەستێت بەکڕینی کاتی ریکلامکردن بۆ بەرهەمەکانی بەو پێیەی ئەو کاتە دابەش دەکات بەسەر ژمارەی ئەو ریکلامانەی بۆ هەمان شمەک دەکرێت .

**سێهەم/ لەرووی چوارچێوەی جوگرافیەوە:**

مەبەست لەم جۆرە ریکلامە ئەوەیە ریکلامەکە لە چ پانتای و سنورێکی جوگرافی بڵاودەکرێتەوە، ئەمەش دەکرێت بە سێ جۆری سەرەکییەوە:

**١. ریکلامی ناوخۆی:**

ئەو ریکلامەیە کە لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمێک یاخود شارو ناوچەیەک بڵاودەکرێتەوە لە سنورێکی جوگرافی بەرتەسک و دیاریکراودا، ریکلامەکە تایبەتە بەپرس

و بابەتێکی دیاریکراو بەو ناوچەیە، یاخود چلاکییەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و .. هتد، کە زۆرجار بۆ بڵاوکردنەوەی پەنا دەبرێتە بەر رۆژنامەو گۆڤار و ئێزگە و تەلەفزیۆنە لۆکاڵیەکان .

**٢. ریکلامی نیشتمانی:**

مەبەست ئەوەیە کە کۆمپانیا بریار دەدات جۆرێک لەبەرهەمەکانی بفرۆشێت، لێرەشەوە پێویستی بەپاڵپشتی هەیە بۆ ئەو مەبەستە. ریکلامی نیشتمانی یەکێکە لەو شێوازانەی کە ئامانجی کۆمپانیا بەدەست دەهێنێت و چوارچێوەی جوگرافی ئەم جۆرە ریکلامە روماڵی وڵاتێک لە وڵاتان دەکات، یان سنوری وڵاتێک دەکرێتەوە .

**٣. ریکلامی نێودەوڵەتی:**

ئەو ریکلامەیە کە لەسەر ئاستی سەرجەم وڵاتانی جیهان بڵاودەکرێتەوە لەرێگەی کەناڵە ئاسمانییەکان و سایتەکانی ئینتەرنێتەوە، بۆ گەیاندنی بیرو بەرنامەی سیاسی، یاخود ساغکردنەوەی بەرهەم و کاڵاو خزمەتگوزارییەکان و، هەناردەکردنیان و بەبازارکردنیان لەسەرجەم بازارەکانی جیهاندا لە رێگەی بریکار و لق و نوسینگە تایبەتەکانی کۆمپانیا بازرگانیەکانەوە، کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چالاکی بازرگانی ئەنجام دەدەن، ئەم جۆرە ریکلامە ئەو شمەکانە دەگرێتەوە کە بەرهەمی کارگەیەکی ناودار و جیهانیە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دابەشدەکرێت .

# رادیۆ

تایبەتمەندییەکانی رادیۆ:-

- کەناڵێکی هەمەلایەن و گشتی یەو ئاراستەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ دەکرێت.
- بەدەنگ و بە ووشە بەشداری لە پەیوەندی کردندا دەکات.
- دەتواندرێت پەیام یان نامە تیایدا دووبارە بکرێتەوە.
- ئامێرێکی هەرزانە.
- ماندوبوونی کەمە و لە بەرێوەبردندا بودجەی کەمی پێویستە.
- دەتوانێ زانیاری زۆر بدات.
- لە پێشوازی پەیامی رادیۆدا، تەنها هەستەوەری بیستن بەشداری دەکات.
- خێرایە لە پەخش و گەیاندندا.
- لە زۆربەی کاتەکاندا دەتواندرێت پەنا بۆ رادیۆ ببردرێت.
- لە زۆربەی شوێنەکاندا دەتواندرێت بەکاربهێندرێت، وەکو لەنێو ئوتومۆبێل، شەمەندەفەر، فرۆکە...هتد.

بەڵام لە رادیۆدا وێنەو دەنگ بەیەکەوە پەخش ناکرێت، بۆیە ناتواندرێت وەک تەلەفیزیۆن زۆرترین سەرەنج رابکێشێت. هەروەها کاتێک بابەتێک، هەواڵێک یان ووشەیەک لەرێگەی رادیۆوە پەخش دەکرێت، ئەوا وەرگر ناتوانێ وەک رۆژنامە بگەرێتەوە سەری.

## پرەنسیپەکانی دروستکردن و دامەزراندنی نووسین لە رادیۆدا

- تەرکیز بکرێتە سەر بابەتی نوێ و بەروونی مامەڵە لەگەڵ راستیە گرنگەکان بکرێت، کە وەک هێزی چیرۆکەکەن.
- پێویستە نووسین لەرادیۆدا بەشێوەیەک بێت، کە بەخەیاڵ وێنەی بابەتەکان بهێندرێتە بیرو بەرچاو (لەرێگەی رووشنکردنەوە، وەسفکردن،خۆشی پێدان)، راستەوخۆو بێ پێچ و پەنا باسکردن و بەهاو نرخ پێدان بۆ گوێگرتن.
- بەئاسانی چیرۆکی بابەتەکان دەرببرە، هێزو تینیان پێ ببەخشەو هەنگاوی هەمەجۆر بگرەبەر، بەرێک و رەوانی و بەراستەوخۆیی نووسین و دارشتنی تێکستەکە تەواو بکە. بەسەردێرێک یان بەدوو رستەی کورت دەست پێ بکەیت، کە تەواوی چیرۆکەکە بلێ و وا لە وەرگر بکە، گوێ لەناوەرۆکەکە بگرێت.

- بەدرێژایی نووسینەکە، لە دارشتنی رستەکاندا هەمیشە کورتبڕی بپارێزە. رستەی کورت بەکاربێنە. یەک رستە یەک را یان یەک بۆچوون یاخود یەک بیر (Idea) بێت. دوورکەتنەوە لە نیمچە رستەی پاشکۆ (Dependent Clause)، چونکە بیستەر تەنها یەک دەرفەتیان هەیە بۆ وەرگرتنی ئەو زانیاریانە لەهەمان کاتدا...پەخشی رادیۆ وەکو رۆژنامەو گۆڤار نیە، کە بتوانێت بە ئاسانی بگەرێیتەوە سەر زانیاریەکە.
- دوورکەوتنەوە لە ووشـــەی ئەکادیمی، فەرهەنگی، یان فرە مانا. هەروەها دوورکەوتنەوە لە کورتە نووســی (Short-hand) واتا کورتکردنەوەی نووســین لە رێی نیشــانە بەکارهێنانەوە لە جیاتی ووشـــە. دوورکەوتنەوە لە ووتەی بێ تام و پەرپووت و بەکارنەهێنانی زمانی دژوارو دوورکەوتنەوە لە ووشـــەی نەناســـراو و گەورەو قەبە، هەروەها دوورکەتنەوە لە ووشـــەی بەکارنەهێندراو و بێ ســـوود. ووشـــەکانی خۆت بەکاربێنە، بەڵام هەرکاتێک گومانت لەبەکارهێنانی هەر ووشـــەیەک هەبوو بەکاری مەهێنەو بەجێی بێڵە.
- شـێوازی دارشـتنی نووسـین زۆر سـاددەو سـاکارتر بێت وەک لە دارشـتنی تێکسـتی تەلەفزیۆنی و نووسینی رۆژنامەو گۆڤار، چونکە وەرگر تەنها چانسی بەکارهێنانی هەستەوەری بیستنی هەیە.
- دووبارە پیاچوونەوە بۆ تێکستەکە بکەو لە ووردی و هەستیاری دڵنیابەوە...ئاگاداری هەڵەی سیاسی بەو ووریای هەســـتی گشـــتی بە. نووســـینەکە پێویســـتە ئاســـان بێت بۆ خوێندنەوە، بۆ گفتوگۆ، بۆتێگەیشتن.
- بە دەنگێکی بەرز نووســـینەکە بخوێنەرەوە،چونکە خوێندنەوەی چیرۆکەکە بەدەنگی بەرز باشـــترین رێگەیە کەوا بزانی چیرۆکەکە تەواوە بۆ پەخش یان نا. لەکاتی خوێندنەوەدا ئەگەر هەستت بەرەقی و ووشـــکی بابەتەکە کرد، ئەوا هەوڵدە جارێکی تر بینووســـیەوە. ئاگادارو وورپای کاتی پێویســـت بە، کەبەتەواوی و بێ کەم و زیاد بێت.
- شـــێوازی دەربرین لە رادیۆدا لە شـــێوەی گفتوگۆو چیرۆک گیرانەوە بێت، بۆئەوەی بیســـتەران لە بابەتەکە نەپچرێن و لە گوێگرتن بەردەوام بن.

- **لایەنەباشەکانی ڕادیۆ:**

١. بەکارهێنانی دەنگ: لە ڕادیۆدا سود لەدەنگ دەبینرێ کە ڕەوشێکی تایبەت دروست دەکات ، لایەنی ڕاستگۆیی، دڵ سۆزی، ... لە ناو وشەکانەوە چالاکی گوێگرتن دەدات بە گوێگر .

٢. شێوازی گوێگرتن لە ڕادیۆ: گوێگرتن لەڕادیۆ بۆتە خویەکی جیهانی، لەم سۆنگەیەوە دەشێ بگوترێ کە ڕیکلام دەگاتە هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵ لەسەرتاسەری جیهاندا .

٣. سودبینین لە بەرنامەکان: ئەمەش لە ڕێگای گرێدانی ڕیکلام بە بەرنامەیەکی تایبەتەوە دەبێت ، نمونە : ئەو ڕیکلامەی کە بەهۆی نواندنێکەوە یا بەرنامەیەکی تایبەتەوە پەخش دەکرێ .

٤. بەکار هێنانی کات لە جیاتی ڕوبەر: دەشێ لە ڕۆژنامەدا چەند ڕیکلامێک لەیەک لاپەڕەدا بڵاوبکرێتەوە، ئەمەش جۆرێک لە کێبەرکێ لە خۆ دەگرێ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر بەڵام لە ڕادیۆدا کات ئەو ڕیکلامە دیاری دەکات، هەر ڕیکلامە کاتی تایبەتی خۆی هەیە کە لە گەڵا ئەویتردا جیاوازە، تێکەڵ نابێت .

- **لایەنە خراپەکانی :**

١. کاتێک لە ڕادیۆوە ڕیکلامێک بڵاودەکرێتەوە ڕەنگە کەسانێکی زۆر سەرقاڵی کاری خۆیان بن وەک: لێخوڕینی ئۆتۆمبیل، ناوماڵا ڕیکخستن، ... کە ئەمەش ئاگایی گوێگر پەرش و بڵاو دەکاتەوە، ناهێڵێ تەرکیز بکاتە سەر ڕیکلامەکە .

٢. کەش وئاووهەوا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە باش وخراپی گەیاندنی نامە دەنگیەکە.

٣. ڕیکلام لە ڕادیۆدا هەندێ ڕەگەزی خۆی لە دەســـت دەدات، وەک: وێنەی کاڵاکە، قەبارەکەی ...

## پڕۆسەی ریکلامکردن

ریکلام، لەسەرەتاوە تا کۆتایی پڕۆسەکەی بەچەند هەنگاوێکدا دەڕوات، کە پێویستە ئەو هەنگاوانە بەگوێرەی پلەو پایەیان ڕێکبخرێن و بەچەند هەنگاوێک وا لە بەکارهێنەران و کڕیارەکان بکات، تا لەرێگەی ریکلام بۆ کردن کاڵاکان بکڕن. لە هەنگاوە سەرەکییەکانی پڕۆسەی ریکلامکردن بریتیە لە:-

**١-بەئاگاهێنان یان هۆشیارکردنەوە:-**

یەکەمین هەنگاوی پڕۆسەی ریکلامکردن، بریتیە لە بەئاگاهێنانی وەرگر لەو بابەت و کاڵایەی کە هەیە، ئینجا ئەو بەئاگاهێنانە، بۆ ئەوە بێت کە کاڵاو بابەتێکی نوێ یان هەرزان یان پێویست، بوونی هەیەو وەرگر و بەکاربەر لێی بەئاگا دەهێندرێت.

**٢- زانین یان شارەزایی و تێگەیشتن:-**

دووەمین هەنگاوی پڕۆسەی ریکلامکردن، بریتیە لە زانین و شارەزابوونی وەرگر لە و بابەت و کاڵاو کەرەستەیەی کە ریکلامی بۆ دەکرێت، ئینجا لە روانگەی تازەیی بێت یان هەرزانی و پێویستی بوون بێت.

**٣- ویستن یاخود مەیل لێ بوون و بەدڵ بوون و بەلاوە باش بوون:-**

سێیەمین هەنگاوی پڕۆسەی ریکلامکردن، بریتیە لە ویستن و مەیل لێ بوون و بەدڵ بوون، کە لەم هەنگاوەدا ریکلام دەخوازێت و حەزی ویستن و مەیل لێ بوون و بەدڵ بوون، لە مێشک و دڵی وەرگر یان بەکاربەر دروست بکات.

**٤- زیاتر ویستن یاخود زیاتر بەلاوە باشتربوون:-**

چوارەمین هەنگاوی پڕۆسەی ریکلامکردن، بریتیە لە زیاتر ویستن و زیاتر بەلاوە باشتربوون، کە لەرێگەی ئیفێکت و کاریگەری دەنگی و رەنگی و جولە و تێکست و هونەرکارییەکان، وا لەوەرگرو بەکاربەر بگەیندرێت، کە زۆر پێویستی بەو کاڵایە هەیە یاخود ئەو بابەت و کاڵایە زۆر هەرزانە، یاخود کاڵاکە نوێیە، بۆیە زۆر گرنگە وەرگر دەستی بگاتێ و بیکرێت.

**٥- قایلکردن:-**

پێنجەمین هەنگاوی پڕۆسەی ریکلامکردن، بریتیە لە قایلکردن و رازیکردنی وەرگر یاخود بەکاربەر، تاوەکو ئەو بابەت و کاڵایانە ساغ بکرێنەوە یان بفرۆشرێن و رەواج

پەیـدا بکەن، بۆیە لەم هەنگـاوەدا هەموو رێگـا تەکنیکی و هونەرییەکـان، بۆ رازیکردنی وەرگر بەکاردەهێندرێت.

**٦-کڕین:-**

شـــەشـــەمین هەنگاوی پرۆســـەی ریکلامکردن، بریتیە لە (کڕین)، کاتێک وەرگر رازی دەکرێت، کە ئەو بەرهەمە یاخود بابەت و کاڵایە زۆر پێویســـتێتی و گرنگە، ئینجا دەبێت، هەموو ئەو رێ و شــوێنە ئاســان و جیاوازانە پیشــان بدرێت و بووترێت، تاوەکو وەرگر بیکرێت، چونکە ئەگەر هەنگـاوی شـــەشـــەم کە (کڕین)ە، فەرامۆش کرا، ئەوە هەموو هەنگاوەکانی تر بایەخیان نابێت.

بەڵام بەگشتی لە پرۆسەی ریکلامکردن، پێویستە هەموو ئەو هەنگاوانە بە ووردی لێک بدرێتەوەو چێ بەجێ بکرێت، هەڵەو کەم تەرخەمی و فەرامۆش کردن لەهەر هەنگاوێک، گرفت بۆ ئەنجامی ریکلامکردنەکەو کۆمپانیاو بەکاربەرو بازارکردنەکە دروست دەبێت.

# پڕەنسیپەکانی ریکلام

ریکلام کۆمەلێک بنچینەو پرەنسـیپی هەیە، کە پێویسـتە رەچاو بکرێت، ئەگەرچی مەرج نیە تەواوی ئەو پرەنسیپانە بەیەکەوە بەسەر هەموو شێوەو جۆرەکانی ریکلامدا جێبەجی بکرێت، بەلاَم تا چەند بتواندرێت زۆرترین پڕەنســـیپ لەپڕەنســـیپەکانی ریکلام، لەهەر بابەتێکی ریکلامیدا جیَ بەجیَ بکرێت، ئەوا ئەگەری ســـەرکەوتنی ریکلامەکە زیاتر دەبێت، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی پڕەنسیپەکانی ریکلام بریتین لە:-

**١-رفاندن و پڕپیاکردن و قۆستنەوەی خەلَک (پەلاماردان و زەوتکردنی خەلَک):-**

ریکلامی باش، پێویســـتە ســـەرنجی خەلَک بەلاَی خۆیدا زۆر بەخێرایی کێش بکات و رابکێشـیَ. زۆر گرنگە ریکلام بتوانیَ بە پەلەو خێراو بە چرکە، مێشـک و دلّ و سـەرنج و بیری خەلَک برفێنێت. بەشـێوەیەک بتوانێت وا لە خەلَک بکات لە ناکاو ســـەیری بکەن، کە ئەمە یەکێکە لە پڕەنسـیپە سـەرکەوتووەکانی ریکلام، ئینجا لەرێگەی نوێگەری و سـتایل و ناوەرۆک و پێویستی و هونەرکارییەکان و هەر رێگەیەکی دروست و بەهێزی تەکنیکی و لۆژیکی بێت، ئەو پڕەنســـیپە دروســـت بێت. چونکە هێزی ریکلام لەوەدایە کەخەلَک بەخێرایی سەیری بکات، نەوەک بە هێواشی و لەسەرخۆیی سەرنجی ریکلامەکان بدات.

**٢- زیرەکی و دانایی لە ریکلامدا:-**

زۆر گرنگە زیرەکی و دانایی لە ریکلامەکاندا بەدی بکرێت، چونکە پیشاندانی ریکلامێک بە زیرەکانە هێزو توانا دەبەخشـــێت بەکالاو کۆمپانیاکان. ئەگەر زیرەکی و لێکدانەوەو مامەلّەی دروست لەگەلّ ریکلامەکان بکرێت، هەم کوالیتی ریکلامەکان بەرز دەبێتەوە، هەم ریکلامەکان زیاتر دەتوانن ئامانجی راستەقینەی خۆیان بپێکن و بهێنەدی.

زیرەکی و دانایی، لەهەلّبژاردنی بابەتەکان و لە هەلّبژاردنی کات و وەرزی پێشـــکەش کردن و هەروەهـا لە هەلّبژاردنی ســـینـاریۆی ریکلامەکە، هەمووی ووزە بەبـات و بەریکلامەکە دەبەخشن، کە ئەمە پڕەنسیپێکی پێویستە لە کاری ریکلام و ریکلامکردندا.

**٣- سەداو هاوارو بە دەنگی بەرز قسەکردن لە ریکلامدا:-**

بەو مانایەی کاتێک بە دەنگی بەرز قسەدەکرێت، ئەوا زۆربەی خەلَک گوێیان لەو قسانە دەبێت، بۆیە ئەو دەستەواژەیە بەهەمان شێوە بەسەر ریکلامدا جیَ بەجیَ دەبێت.

دەنگی بەرز لە ریکلامدا بەو مانایە نیە کەوا قەبارەی ریکلامەکە گەورە بێت، یان هاوارکردنی تێدا بێت، بەڵکو زۆر ریگەی تر هەیە وەک بەکارهێنانی جولەو شێوازی هارمۆنی و کۆنتراست و رەنگ و هێزپێدان بە ووشەو وێنەکان، هەموو ئەمانە لای وەرگر هەستێک دروست دەکات، تا زووتر ببینێ و ببیستێ و بیزانێ.

**٤- نابێت لە ریکلامدا وا لەوەرگر بکرێت کە زۆر بیری لێبکاتەوە:-**

نابێت ریکلام زۆر ئالۆز بێت و بۆ تێگەیشتن زۆر قورس بێت، لەریکلامدا پێویست ناکات وا لەخەڵک بکرێت، کە زۆر بیری لێبکاتەوە، بەڵکو پێویستە ریکلامەکە بەسادەیی و بەخێرایی پەیامەکە بگەینێت، بۆیە پێویستە وێنەو نەخشەکاری و کارە ئەندازەییەکان بەسادەو روونی لە ریکلامدا بەکاربهێندرێن.

لەریکلامدا نابێت شێوازی مەتەڵ هەڵهێنانی تێدابێت، بەشێوەیەک وەرگر لەچاوەروانیەک دابێ و چاوەروانیەکەی نەهێتەدی.

**٥- پێویستە رەنگ لە ریکلامدا مانا بەخش بێت:-**

بەکارهێنان و هەڵبژاردنی رەنگەکان دەکەوێتە سەر جۆرو شێوەو سروشتی ریکلام و کۆمپانیاکە، لە ریکلامدا پێویستە دەرکەوتنی رەنگەکان هاوشێوەی تەقینەوەیەک بێت، بەڵام نابێت رەنگەکان لە ریکلامدا ببنە هۆی سەر لێتێکدانی خەڵک.

بۆ نموونە:- ئەگەر ریکلامێک دروست بکەین و رێگای گاڵتەو گەپ بەکاربهێنین، ئەوا پێویستە رەنگی رووناک و رۆشن و بریقەدار بەکاربهێندرێت، بەڵام ئەگەر ریکلامەکە جدی بوو، ئەوا پێویستە رەنگەکان بە سادەو ساکاری رێک بخرێن و بەکاربهێندرێن.

هەروەها بەمەبەستی ناسینەوە، هەندێک جار رەنگ دەوەستێتە سەر کۆمپانیاکە، رەنگە کۆمپانیاکە گرنگی بە رەنگێک بدات و دواتر ئەو رەنگە لە ریکلامەکاندا رەنگ بداتەوە.

زۆرجار کۆمەڵگەی جیاواز یان ئاینی جیاواز یان نەتەوەی جیاواز، لێکدانەوەی جیاوازی بۆ رەنگەکان هەیە، رەنگ لە شوێنێکدا مانایەکی هەیەو لە ناوچەیەکی تر لێکدانەوەیەکی تر، بۆیە بەدیقەتەوە بەکارهێنانی رەنگ لە ریکلامد گرنگە، چونکە زۆرجار لە رەنگدا، بۆ کاڵایەک مایەی پووچی دروست دەبێت یاخود بۆ کاڵایەک پڕفرۆشی دروست دەبێت. (بڕوانە رەنگەکان لەبەشەکانی داهاتوودا).

**٦- پەیامی ریکلام رووشنکەرو روونکەرەوە بێت:-**

هەموو ریکلامێک پێویســـــتە بە روونی هەڵگری پەیامێک بێت و پەیامێک دەربڕێت و بگەیێنێت و بنوێنێت. هەندێک لەپەیامەکانی ریکلام ناوەرۆکێکی لاواز لەخۆ دەگرێت، یان دەبێتە ســـــوکایەتی بە رەگەزێک یان نەتەوەیەک یان ئاینێک یان مرۆڤ...هتد، بۆیە وەک چۆن ریکلام بەشـداری لە سـتایل و بیرکردنەوەو ئاراسـتەکردنی کۆمەڵگە و تاک دەکات، لەهەمان کاتدا دەبێت، پەیامەکانی ریکلام مانا بەخش و بەســـــوود و پڕ لە ئیتیکی کاری رۆژنامەوانی و لێکدانەوەی هەمەلایەن و هەمەچەشن بێت.

پەیامەکانی ریکلام، هەرگیز ئازار بەخش نەبن، بەڵکو بەشداری لەبونیادی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە بەدرستی بکەن.

**٧- بێ هاوتایی و لەبیرنەچوونەوە (زۆر لەبەرچاو بوون و لە یاد نەچوون):-**

بێ هــاوتــایی و لە بیرنەچوونەوە، دوو پێکهێنەری بنچینەیی ریکلامی بــاشـــــن. هەر ریکلامێک لەگەڵ ریکلامێکی تر پێویســـــتە بەتەواوی جیاوازو تازەو بێ هاوتا بێت، نابێت لەوەو پێش ئەو ریکلامە بەهەمان شێوە کرا بێت.

لەم پرەنسیپەی ریکلامدا، پێویستە وا لەوەرگر بکرێت، ئەو بابەت و کاڵایەی لە مێشکدا بمێنێتەوەو بەئاسـانی بەبیری بێتەوە، ئینجا لەرێگەی تێکسـتی کورت بێت، یاخود رسـتەی کورت یان ووشـــــەی ئاســــان و ســــادەو نوێ، یاخود لەرێگەی وێنەو ڤیدیۆو چیرۆک و سیناریۆکان بێت.

**٨- هەست لێوەهاتن:-**

هەموو کۆمپانیایەک خاوەنی سروشت و هەست و بیرکردنەوەی خۆیەتی، واتا خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، بۆیە پێویســـــتە ئەو هەســـــت و ســـــروشـــــت و تایبەتمەندێتیە لە ریکلامەکەدا رەنگ بداتەوە، تاوەکو بە سەیرکردنی ریکلامەکە تۆنی ریکلامەکە بزانی.

**٩- پیشاندان، نەوەک پێ ووتن:-**

ریکلامی باش ئەوەیە کە پیشان بدات، نەوەک پێت بلێت، ئەمە بە هەوڵدان بە پیشاندانی وێنە و رەنگ و ڤیدیۆو..هتد. لەجیاتی نووسـین و قسـەکردنی زۆر لەریکلامدا، وا پێوسـیتە پیشـــانی وەرگری بدەیت، کە ئەو ئامێرو بابەتە چیەو چۆن کار دەکات و لەکوێ دەســـت دکەوێت و نرخی چەندە. بۆیە دەبێت لە شـوێنی نووسـین (Text) یاخود نووسـینی زۆر،

پیشـاندان شـوێنی بگرێتەوە، تاوەکو باوەڕپێیەکان زیاتر بێت، نەوەک زیادەڕۆیی لە قسـە و تێکسـتەکان دەرکەوێت، ئەو کاتە وەرگرو بەکاربەر بەئاسـانی پێشـوازی لەو جۆرە ریکلام و بابەتانە ناکات.

**١٠- گاڵتەو پێکەنین بەکاربێنە، کاتێک کە پێوسیتە. لەرێگەی لەجیاتی دانان و بریتیکاری (زمان، وێژە):-**

بۆ سـەرنج راکێشـانی خەڵک، (گاڵتەو گەپ) لەریکلامدا تەکنیکێکی بەهێزو بەسـوودە، بۆیە بەکارهێنانی راسـتەوخۆیی گاڵتەو گەپ و کۆمیدیا و پێکەنین دروسـت کردن یاخود لەرێگەی بریتیکـاری (مەجـاز)، رێگەیەکی زۆر گرنگە بۆ ریکلامی گـاڵتەو گەپ یـان تەنز ئامێز، بەڵام رێگەی گاڵتەو گەپ کردن هەموو کات گونجاو نیە، چونکە هەندێک جار لەگەڵ سروشت و پێکهاتەو ناوەرۆکی جۆری کاڵا یان کۆمپانیاکە ناگونجێت.

نموونەی بریتیکاری لە زمان و ئەدەبدا وەک:- لەشەردا شێر بوو. دڵی وەک بەردە. لە ریکلامدا شـتێک لە شـوێنی شـتێکی تردا بەکاردێت. وەک بەکارهێنانی منداڵێک لە شـوێنی یەکێک لە پێکهاتەکانی ریکلام.

یان (شێر)ێک بۆ ئازایەتی بەکاردەهێندرێت. (Derrick Daye(٢٠١٠

**١١- ئارەزوو حەزی ویستن:-**

پێویسـتە ریکلام بە شـێوەیەک بێت کەوا ئارەزوویەکی گەورە لای وەرگر دروسـت بکات، وا لە مرۆڤ بکات کە پێویسـتی پێیەتی و ئەگەری دەسـتی نەگاتێ و نەیکرێت، کەلێنێک لەژیانی یان لە پێداویسـتییەکانی دروسـت دەبێت. بۆیە ریکلامەکان پێویسـتە حەزی ویستن لە ناخی خەڵکدا دروست بکەن و بونیاد بنێن.

**١٢- باوەڕپێ بوون:-**

ریکلام پێویستە جێگای باوەر بێت و هەمیشـە ئاسـتی باوەر پێ بوون لای خەڵک و بۆ خەڵک زیاد بکات، ئەمە بە پێدانی زانیاری دروست و تەواو و دوورکەوتنەوە لە زیادەڕۆیی دەبێت.

### ١٣- سەلماندنی ریکلام:-

خالێکی گرنگە گەر بێت و ریکلام بیسەلمێنێت، کە ئەو کالایە لە بەرژەوەندی و سوودو قـازانجی کڕیـاردایە. ئەمە لەرێگەی وێنەو ڤیـدیۆو هێلکـاری و کـارە ئەنـدازەییەکـان و پیشاندان و پێکهاتەکانی تری ریکلامدا دەکرێت.

بۆ نموونە دەتوانـدرێن لە رێگەی ریکلام بەوەرگر بلێیـت کە ئەو کـالایە هەرزانە یـان تازەیە یان لە رووی کوالێتیەوە بەهێزە، یاخود ئەو کارە ناوازانە ئەنجام دەدات، یاخود کاریگەریەکەی بەو شێوەیەو لەو ئاستەدایە.

### ١٤- پیشاندانی هۆکاری کڕین لە ریکلامدا:-

بە مەبەستی بڕیاردانی وەرگر بۆ کڕین، پێویستە هۆکاری کڕین بە وەرگر بگەیێنێت، بۆ نمونە کڕینی سەلاجەیەک، هۆکارەکەی ئاو ساردکردن و سەهۆڵ دروست کردن و کەل و پەل تێدا هەڵگرتنە، بۆیە وەرگر پێویستە هەیبێ و بیکڕێت.

### ١٥- ئاسانی کڕین:-

ریکلام پێویســـــتە ئـاســــــانترین رێگـای کڕین بە وەرگر رابگەیێنێت، ئینجـا لەرێگەی ئاماژەکردن بێت بۆ شـوێن یان ناونیشـان یان تەلەفون و ناونیشـانی ئەلیکترۆنی یان هەر رێگەیەکی ئاسان بێت، کە کڕیار بتوانێ بەئاسانی بیگاتێ و بیکڕێت.

## کاریگەرییەکانی ریکلام لەسەر کۆمەڵگە

ریکلام وەک هەر بابەت و هونەرێکی تر، کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەدا هەیە، بێگومان زۆرێک لە کاریگەرییەکان باشن و هەندێک لەکاریگەرییەکان، لەسەر کۆمەڵگە قورس و خراپن، بۆیە لەم روانگەیەوە چاودێرانی ریکلام و دەزگاکانی راگەیاندن و سیستەمی وڵاتان و فلتەرە تەکنیکی و فلتەر لەسەر ناوەرۆکە میدیاییەکان، هەردەم لەهەوڵی کەمکردنەوەی کاریگەرییە نێگەتیڤیەکانی ریکلامدان. بۆیە لێرەدا ئاماژە بەهەندێک لەکاریگەریە باش و خراپەکانی ریکلام لەسەر کۆمەڵگەدا دەکەین.

**یەکەم:- کاریگەرییە باشییەکانی ریکلام لەسەر کۆمەڵگەدا:-**

١-کاتێک ریکلام فۆکەسی لەسەر ژیانی خەڵک بێت و بەرژەوەندی خەڵک لەبەرچاوبگرێت، بێگومان کاریگەرییە باشەکانی زیاد دەکات و وەرگر پێشوازییەکی گەرمتر لەو ریکلامانە دەکات.

٢- کاتێک ریکلام پەیڕەوی رەوشت (ئیتیک) و ئاین و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری بکات و ریز لەباوەڕی و کەسایەتییەکان و سونبولەکان بگرێت، بێگومان کاریگەریە باشەکانی زیاد دەبێت.

٣- کاتێک ریکلام بەرەو هیچ ئاین و ئایدیایەک نەجولاو نەبووە پڕوپاگەندە بۆ هیچ لاو لایەنێک، بێگومان ئەو کاتە هێزی ریکلام بەدروستی دەردەکەوێت.

٤- هەر کاتێک کاری ترسناک و توندوتیژ لە ریکلام پیشان نەدرێت و هەمیشە ئاسودەیی و خۆشی بەخشین و ئارامی چەقە هێزی ریکلامەکان بێت، ئەوا کاریگەری باش لەرێگەی ریکلامەکان بۆ خەڵک دروست دەبێت، بۆ هەموو چین و توێژەکان، بەتایبەتی لەم خاڵەدا بۆ منداڵان زۆر گرنگ و پێویست دەبێت.

٥- هەر کاتێک ریکلام لە پیشاندانی (چارەسەری هەڵە، بەدرەفتاری و بێ رەوشتی، کردەو رووخساری قێزەون یان بۆگەن) دووربکەوێتەوە، ئەوا بێگومان بەقازانجی کۆمەڵگەو ریکلام و بابەت و کۆمپانیاکە تەواو دەبێت.

٦- لەریکلامدا دوورکەوتنەوە لە زمانی بازاری یان رەفتاری بازاری، بەدڵنیایی ســوودی گرنگی دەبێت، چونکە ریکلامەکان کاریگەریان لەســـەر پەروەردەو مۆدێل هەیە، بۆیە بێگومان بەکارهێنانی زمانی پاراو لەریکلامدا یارمەتیدەری کۆمەڵگە دەبێت.

٧- هەر ریکلامێک هەوڵی فریودان و لە خشـــتەبردنی وەرگر نەدات، بێگومان ریکلامێی دروســت دەبێت و کێرڤی پێشــوازی زیاتر دەبێت و کاریگەری باشــی خۆی لەســەر کەمەڵگە دروست دەکات، بە پێچەوانەوە هەر ریکلامێک هەوڵی فریودانی خەڵک بدات، ئەوا متمانە بەکەناڵەکە کەم دەکاتەوە تا ئەو رادەیەی متمانە ناهێڵێ.

٨- یەکێک لەباشـــییەکانی ریکلام، دوورکەوتنەوەیە لە ســـووکایەتی کردنی جێندەری، نەتەوەیی، رەگەزی، مرۆڤـایەتی بەگشـــتی، هەموو ئەوانە هەنگـاوێکی گرنگن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کاریگەرییە باشەکانی ریکلام لەسەر کۆمەڵگەدا.

٩- هەر ریکلامێک پابەند بێت، بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ئاسایشی بازار، ئەو ریکلامە لەناو کۆمەڵگەدا وێنەیەکی جوان دروســـت دەکات و کاریگەری باشـــی خۆی دەنەخشێنێ.

١٠- هەر کاتێک ریکلامەکان پابەندبن بەبەکارهێنانی تەواوی توخمەکانی ریکلام (هەســت و ســـۆز جولاندن، ڤیدیۆ و دەنگ و رەنگ و تێکســـت...هتد)، ئەوکاتە کاریگەرییە باشەکان لەسەر کۆمەڵگەدا زێدەتر دەبێت.

١١- ریکلامەکان دەبنە هۆی پێشـــخســـتن و بەرەوپێشـــچوونی دارایی، بەتایبەتی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن و کۆمپانیاکان، بەڵام ریکلامەکان دەتوانن پێشـــخســـتن و خۆشگوزەرانی بۆ کۆمەڵگا دەستەبەر بکەن.

١٢- ریکلامەکـان خەڵـک و وەرگرو کۆمەڵگە لە کـاڵاو بـابەت و بەرهەمی نوێ بەئـاگـا دەهێنەوە.

١٣- ریکلامەکان لەرێگەی کاڵاکانیان دەتوانن ئەو کاڵایانە ببنە هەوێنی کارئاســـانی بۆ ژیانی کۆمەڵگە.

١٤- ریکلامەکان دەتوانن بۆ کۆمەڵگە وەک رێپیشاندەرێک بن، کە هەرزانترین و باشترین کاڵا لە کوێ هەیە.

١٥- ریکلامەکان کار دەکەن ســـەر کۆمەڵگە، بۆ پەرەپێدانی هۆشـــیاری ســـەلامەتی و تەندروســـتی و چارەســـەرکردنی کێشـــەو ئاســـتەنگیەکان. بۆ نمونە ریکلامکردن بۆ (نەکێشـانی جگەرە) ، (پاراسـتنی ژینگە)، (دەسـتگرتن بەکارەبا). (بەسـتنی پشـتێنەی سەلامەتی) و دەیان بابەتی تر، یارمەتیدەری کۆمەڵگە دەبن.

**دووەم:- کاریگەرییە خراپەکانی ریکلام لەسەر کۆمەڵگەدا:-**

هەر کاتێک ریکلام بەشـــێوەیەکی دروســـت، بونیادو ئاراســـتە نەکرا، بێگومان ئەو ریکلامانە دەبنە هەوێنی مەترســـی و لەســـەر کۆمەڵگەدا کاریگەری خراپ و ترســـناک و لاوەکی دروست دەکەن.

چەند خاڵێکی گرنگ لەجیهانی ریکلامدا، کاریگەری خراپ لەســـەر کۆمەڵگەدا دروســـت دەکەن، بەتایبەتی کاتێک ریکلامەکان لەرێچکەی راســـتەقینەی خۆیان لادەدەن و چەند رێگایەکی نادروستی ریکلامی دەگرنەبەر، لەو رێگایانە:-

**١- هەوڵدان بۆ رازیکردنی بینەران بۆ کڕینی بابەتێکی ناراست:-**

هەندێکجار ریکلامەکان بەمەبەســـتی تەنها دەســـتکەوتی ماددی و قازانجی زۆر، هەوڵدەدەن زانیاری ناراست بڵاوبکەنەوە. بۆ نمونە ریکلامکردن بۆ کڕینی جگەرەکێشـان. یاخود ریکلامکردن بۆ کڕینی شـــامپۆیەک کە قژ هەڵنەوەرێنێ، لەکاتێکدا خەڵک دەیکڕێت بەپێچەوانە دەردەچێت و قژ هەڵدەوەرێنێت. هەروەها هەندێک جار ریکلام بۆ دەرمانێک دەکرێت، کەوا چارەســـەری قەلەوی دەکات، لەهەمان کاتدا دەبیندرێت، ئەو دەرمانە کـاریگەری خراپ و لاوەکی ئێجگـار زۆرە. هەموو ئەو نمونەو رەفتـارانە لە ریکلامـدا، کاریگەری خراپ لەسەر وەرگرو کۆمەڵگەدا دروست دەکات.

**٢- دروستکردنی دڵەراوکێ و شێواوی لای خەڵک:-**

هەندێک لەریکلامەکان دڵەراوکێ و شـــێواوی لای خەڵک دروســـت دەکەن، بەریکلام و بابەتێک، کە گومان و دڵە راوکێت لا دروســـت بێت، بۆ نمونە ریکلامکردن بۆ شـــامپۆیەک رێگری لە کرێشـــی ســـەر (تۆشـــک)دەکات، کە لەریکلامەکەدا بلێت، ئەگەر ئەو شـــامپۆیە بەکارنەهێنیت، ئەوا کرێش لەســـەرت دروســـت دەبێت. یاخود ریکلامکردن بۆ دەرمان یان

مەعجونێک تاوەکو ددان سـپی بکاتەوە، لەکاتێکدا ڕەنگە ددانەکان خۆیان سـپی بن، بەڵام دڵە ڕاوکێ لای وەرگر دروسـت دەبێت و گومان دەکات کە ددانەکانی سـپی نین، ڕەنگە لەراستیدا ددانەکان خۆیان سپین.

هەروەها ریکلامکردن بۆ بۆنێک یان پەمپێک کە دەبێتە هۆی پاک ڕاگرتنی توالێتەکان، لێرەدا ڕاست و گرنگە بۆ پاک و خاوێنی، بەڵام دڵەڕاوکێیەک لای وەرگر دروست دەکات، کە وەرگر گومان دەکات، توالێتەکانی پاک نین، ڕەنگە لە ڕاستیدا توالێتەکان پاک و خاوێن بن.

**٣- هەستکردن بە کەمی و خەمخواردن و بێ هودەیی بوون:-**

هەندێک بابەت کە ریکلامی بۆ دەکرێت، وەرگر ناتوانێ بیکڕێت و گران بێت و لە توانای وەرگر زۆر زیاترو خەیالی یە، بۆیە وەرگر هەست بەخەم خواردن و کەمی و بێ هودەیی دەکات، هەر بۆیە لێکدانەوەی لایەنی دەروونی و قەبارەی ئابووری خەڵک لەریکلامدا گرنگە یاخود کار ئاسـانی بۆ دەسـت کەوتنی ئەو بابەتانەی کە ریکلامیان بۆ دەکرێت، پێویست و گرنگن.

**٤- قایلکردنی بینەران بۆ کڕینی ئەو بابەتانەی کە تەنها دەبێتە بەفیرۆدانی پارە:-**

هەنـدێـک جـار کڕینی کەرەسـتەیەک کە پێویسـتـت پێی نەبێـت، بەدیزانکردنی هەڵخەلەتێنەر،لەرێگەی یاریکردن بەرەنگ و ڕووناکی،کاریگەری دەنگی و وێنەیی لەسـەر بابەتەکان، یان پیشـاندانی بابەتێک لە شـوێنی بابەتێکی تر. کاتێک بەکاریگەری ریکلام ئەو بابەتە دەکریت و پاشـان هیچ پێویسـتیەکت بەو کەرەسـتەو کاڵاو بابەتە نیە، بێگومان وەرگر تووشـی زەرەمەندی دەبێت، بەمە کاریگەری خراپ لەرێگەی ریکلامەکان لەسـەر کۆمەڵگەدا دروست دەبێت.

## چۆنێتی نووسینی سکرێپتی ریکلام

بەر لە نوسینی سکرێپتی ریکلام، پێویستە وەرگران و مەبەستی ریکلامەکە بزاندرێت. ماوەی ریکلامی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان زۆر کورتن، وا دەردەکەون کەوا زۆر بەئاسانی دێنە بەرهەم، بەڵام لەراستیدا قورسن و ئاسان نیە، چونکە ریکلامەکان پێویستیان بەوە هەیە کە پێ ووتن و پێ راگەیاندنەکان لە رێگەی پەیامی ریکلامەکان لەماوەیەکی کورتدا یان لەرووبەرێکی بچوک و دیاریکراودا، ماناداربن.

بەکۆمەڵێک هەنگاوی یەک بەدوای یەک دەتواندرێت ریکلامەکان ئارەزوو وکاریگەری دروست بکەن، لەوانە:-

**١-دۆزینەوەی ئامانجی بازارکردن یان خزمەتگوزاریەکەت:-**

بەگوێرەی توانا، تەمەنەکانیان، رەگەزییان، شێوەی ژیانیان، یان هەر بابەتێکی تر کە دەبێتە هۆی ناسینەوەیان، زۆرگرنگە کە وەرگرانی بابەتی ریکلامکردنەکە بناسرێن، چونکە دەتواندرێت بۆ قسە لەگەڵ کردنیان کاریگەری زیاتر دروست بکرێت.

**٢- دۆزینەوەی مەبەستی ریکلامەکە:-**

پێویستە مەبەستی ریکلامکردنەکە رۆشن بێت، چونکە بۆ کۆمپانیاکان گرنگە تاوەکو بەئامانجی خۆیان بگەن، تا سەرنجی وەرگرو کڕیار بۆ کڕینی بابەتەکە رابکێشرێت. بۆیە بەر لەنووسینی سکرێپتی ریکلامەکان و لەنێو سکرێپتی ریکلامەکان پێویستە مەبەستی ریکلامەکە دیاربێت.

**٣- لەسکریپتی ریکلامەکاندا پێویستە بۆ وەرگرەکە بنووسرێت:-**

بەشێوەیەک بەو زمانە بنووسرێت کە وەرگران بەکاری دەهێنن یان بەئاسانی لێی تێدەگەن. تا وەرگرو کڕیارەکان لە وێنەو ووشەکان تێبگەن و بیانناسنەوە. بۆیە پەیامی ریکژلامەکان سادده بێت و راستەوخۆ و روون بێت.

**٤- پەلاماردانی وەرگران و سەرنج راکێشانیان، فۆکەسی لەسەر بکرێت:-**

لەسکرێپتەکەدا ئاماژە بەو تەکنیک و هونەرکاریانە بکرێت کە بۆ زیاتر سەرنج راکێشانی وەرگران گرنگن. بۆ نمونە ئەگەر ریکلام بۆ رادیۆ بوو هەوڵی وەسفکردنی وێنەیی بابەتەکە بکرێت.

٥- لەســــکرێپتەکەدا، دووبارەکردنەوەی پەیامەکە بەچەند جارێک و بەرێگەی جیاواز، تێدا تۆمار بکریت، چونکە تەنها جارێک بینین و پیشـــــاندان و زانین بۆ ریکلام بەس نیە، بەڵکو دوو بارە کردنەوە لەگۆڤارەکان یان لە تەلەفزیۆنەکان یان لەرۆژنامەکان یان لە شۆستە و لسەر لیڤلێتەکان...هتد گرنگن لەسکرێپتی ریکلامکردن و بۆریکلامکردن.

هەروەها بۆئەوەی نەبێتە هۆی لە یادنەچوونەوەو لەبیرچوونەوە، هەتا ئەگەر ٣٠ چرکە بێ، دووبارە یان چەند بارەی بکرێتەوە، لایەنی کەم خالێک لە ســــەرەکیترین خاڵەکانی پەیامەکە، دەکرێن چەند بارە بکرێتەوە.

هەروەها کاتێک وویستت ژمارەی تەلەفۆن و ناونیشان بدەیت، لە سکرینەکە پیشانی بدە، هەروەها لەگەڵیدا ووتنی لەگەڵ بێت، بەتایبەتی کاتێک ریکلامەکان لەرێگەی رادیۆ و تەلەفزیۆن و سکرینەکان بڵاو و پەخش دەکرێت.

٦- لەســــکریپتەکەدا، هەوڵ بدرێت بۆ ریکلامەکان، باشــــترین و بەهێزترین ( Call to action)[1]بنووســــرێت و بووترێت و پیشـــــان بدرێت، کە وا لە خەڵک دەکات، بچێت بۆ مارکێت و کۆگاکان.بۆ نمونە شــوێنی فرۆشــتن، ژمارەی تەلەفۆنەکە، ئەدرەســی کڕین و دەستکەوتن، ئاماژە کردن لە خێرایی کڕین و ناوازەیی بابەتەکە...هتد.

٧- بۆ ســـــکرێپتی رادیۆ و تەلەفزیۆن دوو کۆلۆم بەکاربهێندرێت، کۆلۆمی یەکەم بۆ دیالۆگەکە، کۆلۆمی دووەم بۆ کاریگەرییە وێنەییەکان بێت.

٨- کاتی ریکلامەکە دیاری بکرێت و هەوڵ بدرێت ســــکرێپتەکە دوو چرکە کەمتر بێت، بۆ (fade)ی کردنەوە و داخستن بەتایبەتی لەریکلامی تەلەفزیۆنی و رادیۆیدا.

[1] Call to action لەریکلامدا بەواتای بەشی کۆتایی ریکلامەکانە، شوێنی فرۆشتەنی و نرخی کاڵاکەو ژمارەی تەلەفۆن و ناوی سایت و راگەیاندنێک بۆ نمونە بلێت لەماوەیەکی کەمدا نامێنێت، یان خێراکەو هەر ئێستا بیکڕە، ئەمانە هەمووی دەکەونە خانەی (Call to action).

## ئەو رەخنانەی کە ئاراستەی ریکلام دەکرێن

١-ریکلام تێ چوونی بەرهەمی کاڵاکە زیاتر دەکات.

٢- هەندێک ریکلام بەبێ ئەوەی هیچ سوودێک بە کۆمەڵ بگەینێت، تێدەپەڕێت و بڵاودەبێتەوە، چونکە بانگەشەکاران تەنها لەبەرامبەر یەکترو بۆ یەکتر ئەنجامی دەدەن و بڵاوی دەکەنەوە.

٣- بانگەشەکاران، هۆیەکانی بڵاوکردنەوە (ئامرازەکانی بڵاوکردنەوە) بەکاردێنن بۆ بەرژەوەندییەکانیان.

٤- زۆرجار ریکلام هەنگاو بۆ مەبەستەکانی دەنێت، بەبێ ئاراستەیەکی عەقلی و مەنتقی.

٥- ریکلام زۆرجار ئارەزوو(رەغبەت)ی راستەقینەی پێویستییەکانی خەڵک دابین ناکات.

٦- زۆربەی ریکلامەکان شێوەو ئاراستەیەکی پروپاگەندەییان هەیە، ئەمە لەرێگەی زیادەرۆیی یان درۆکردن لە زانیارییەکاندا زیاتر دەردەکەوێت.

## شێوازەکانی (شێوەکانی) ریکلام

لەراســـتیدا، ریکلام لە هەموو ناوەندو شـــوێنێک دەتواندرێت بەکاربهێندرێت، تەنانەت دەکرێت بلێین مرۆڤ لەهەرکوێ و شـــوێنێک بێت دەتواندرێت ریکلام بگاتە ئەو شـــوێنە، بۆیە بەگشتی ریکلام بەم شێوانە دەردەکەوێ:-

## یەکەم: ریکلامکردن لەرێگەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن

یەکێک لە شــێوازو شــێوەکانی دەرکەوتنی ریکلام لە رێگەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆنە، بە تەلەفزیۆنە لۆکـاڵی و نـاوچەیی و هەرێمی و نـاوخۆیی و نێودەوڵەتییەکـان و بەکەنـاڵە ئاســمانییەکان و تەلەفزیۆنە گشــتی و تایبەتمەندییەکان، هەر هەموو جۆرو شــێوەکانیان، لەتوانایاندایە، رووبەرێکی کەم یان زۆر بۆ ریکلامەکان تەرخان بکەن.

## توخمە سەرەکییەکانی ریکلام لە تەلەفیزیۆندا

چەند توخمێکی ســـــەرەکی لە پێکهاتەی ریکلامی تەلەفزیۆنییدا بەشـــدار دەبن، کە هەر توخمێکیان خوازراوبن یان نەخوازراو، پێویســــتە بەکاربهێندرێن. هەموو ئەو توخمانە گرنگن بۆ هێزی ریکلامی تەلەفزیۆنی.

بەشــێوەیەکی ســـەرەکی پێنج توخم لەپێکهاتەی ریکلامێکی ســـەرکەوتووی تەلەفزیۆندا بەشدار دەبن و دەردەکەون:-

**١-هەست و سۆز جولاندن:-**

پێویسـتە ریکلام لایەنی کەم هەندێک سـۆزی بۆ بینەر تێدابێت. بەبێ توخمی هەسـت و سۆز جولاندن، بینەر بەبێ دەنگی لەسەیرکردنی ریکلامەکە دەردەچێت و لێ ی دادەبڕێت. هەر بۆیە نەبوونی ئەم توخمە لە ریکلامی تەلەفزیۆندا هۆکارێکی ســــەرەکییە بۆ گۆڕینی کەناڵی تەلەفزیۆنی.

دەکرێت هەسـت و سـۆز جولاندن لە رێگەی بەپێکەنین هێنانی بینەر بێت یان لە رێگەی سەرنج و دڵ راکێشان بێت یان لە رێگەی وروروژاندنی بینەر یان بە تەماکردن و چاوەڕێ دروســت کردن. هەســت و ســۆز جولاندن، هەر شــتێک بێت گرنگ ئەوەیە بینەر هەســت بەهەندێک شت بکات.

**٢- ڤيديۆ:-**

پێویسته ریکلام به تەنها لەرێگەی ڤیدیۆوە توانای گەیاندنی پەیامی ریکلامەکەی هەبێت و ئەو ڤیدیۆیە بە تەنها هەڵگری ئەو هێزو مانایە بێت کە ریکلامەکە دەیەوێت بیگەیەنێت. واتا پێویســــتە ریکلامەکە پەیامەکە تێپەڕێنێ بەبێ رەچاوکردن و چاوەرێکردنی دەنگ (Audio).

ریکلامەکە پێویســـتە لەرێگەی ڤیدیۆوە هەموو زانیارییە پێویســـتییەکان پیشـــان بدات، چونکە رەنگە تۆ دەنگەکەت گرتبێتەوەو بەتەنها بینین رۆڵ ببینێت و وا لێ ی تێبگەیت کە ریکلامەکە پەیوەندی بەچی یەوە هەیە و باسی چی دەکات. هەر لە رێگەی بینینەوە ئەمانە بەگوێرەی پێویست پیشان بدرێت لەوانە:-

- ژمارەی تەلەفۆن.
- ناونیشان (address).
- ویب سایت (ئەگەر ویستت).
- ئۆڤەری تایبەت (Special Offer).

پێویستە هەموو ئەمانە لەڤیدیۆیەکدا کۆبکرێنەوە.

**٣- دەنگ (Audio):-**

ئەو بیرۆکەیەی کەوا بەســـــەر ڤیدیۆ لە ریکلامی تەلەفزیۆنیدا جێ بەجێ دەکرێت، بە هەمان شـــێوە پێویســـتە بەســـەر دەنگ لە ریکلامی تەلەفزیۆنیدا جێ بەجێ بکرێت. دەنگ پێویستە خاوەنی هێزی خۆی بێت. پێویستە دەنگ هەڵگری هەموو ئەو زانیاریانە بێت کە ریکلامەکە دەیەوێت بیگەیەنێت و چاوەڕوانی ڤیدیۆ (بینین) نەکات. دەنگ و ڤیدیۆ، پێویستە هەریەکە خاوەن هێزی خۆیان بن و بەنیەتی یەکتر تەواو کردن، دروست نەکرێن.

رەنگە دەنگ ببێتە پڕکردنەوەی توانای کەمی بینین، دوای ئەوەی ڤیدیۆ دوا توانای خۆی بەکاردێنێت، بەڵام سوودی زیاتری هێزی دەنگ بەتەنها لە ریکلامی تەلەفزیۆنیدا بۆ ئەوەیە کەوا پانتایی وەرگرو کڕیار زیاد بکات و برەو بەبەرهەمەکە بدات و فرۆش زیاد بکات، بۆیە پێویســـتە دەنگەکە روون و رەوان و زمان پاراو بێت. بەشـــێوەیەکی گشـــتی لەریکلامێکی تەلەفزیۆنی ئەگەر بێت و چاومان بنوقێنین یان سەیری نەکەین و تەنها گوێ

ی بدەینە ریکلامەکە، ئەو کاتە پێویســــتە بەتەواوی لەریکلامەکە تێبگەین و بەتەنها دەنگ رۆڵی لەتێگەیشتنی ریکلامەکەدا هەبێت.

**٤- هاوکات بوون و لەگەڵ یەکەوە بوونی ڤیدیۆ و ئۆدیۆ:-**

واتا بەهاوتەریبی لەگەڵ یەکتردا رۆیشــــتنی ڤیدیۆ و دەنگ بەیەکەوە. پێویســــتە لە ریکلامی تەلەفزیۆنیدا، ئەوەی دەبینین ئەوە ببیستین یاخود ئەوەی دەیبیستین ئەوە ببینین. ئەو شێوازە توندو تۆلی و گونجان و یەک پارچەیی وەک زنجیرەیەک دەداتە ریکلامەکە.

**٥- داواکردن بۆ کڕین (Call To Action):-**

لەدواهەمین برگەی ریکلامەکان بەتایبەتی لەریکلامی تەلەفزیۆندا، داوا کردن بۆ کڕین، یەکێکە لەتوخمە گرنگەکان، لەو توخمەدا لەرێگەی ژمارەی تەلەفۆن و دوا پێ راگەیاندن و ئاماژەکردن بە ئەدرەس و هۆشــــیارکردنەوەو بەپەلە بەئاگاهێنانەوەی وەرگرو کڕیار بۆ بەرهەمەکە دەبێت. بۆ نمونە:-

- ئایا تۆ چیت لە بینەر دەوێت؟
- ئایا ووتەی مەبەستەکە چی یە؟
- لەکۆتایی دەتەوێت چ بەبینەر بلێیت؟

داواکردن بۆ کڕین، واتا شــوێن و ناونیشــانی بەرهەمەکە بەئاســانی بە بینەر بلێیت و لەبیرنەکەیت، چونکە ئەمە هۆکاری ســــەرەکیە کە دەویســــترێت ریکلامی بۆ بکرێت. داواکردن بۆ کڕین یان داوا لێ کردن و پێ ووتن بە وەرگر بۆ چۆنێتی کڕینی بەرهەمەکە و دەستکەوتنی کاڵاکەیە. لێرەدا چەند دەستەواژەیەکی باو بەکاردێت وەک:-

- دوا نەکەویت...ئێستا پەیوەندی بکە بە ژمارە تەلەفۆنی ١٢٣٤٥٦٧٨
- هەر ئەمرۆ سەردانی فامیلی مۆڵ بکە.
- هەر ئێستا سەیری ویب سایتی www.greenland.com بکە.
- تەنها ژمارەیەکی دیاریکراو لەبەردەستدایە...ئەگەر نەما لەدەستت دەچێ.

تێبینی:- لە ریکلامی تەلەفزیۆندا زیاتر ووشەی تۆ یان ئێوە بەکاربێنە لەجیاتی ووشەی من یان ئێمە.

### ریکلامی کۆمیدی له تەلەفزیۆندا

یەکێک لەو ڕێگـایـانەی کەوا ریکلامی تەلەفزیۆنی دەتوانێ پەلامـاری بینەر بـدات و سـەرنجی وەرگر رابکێشـێت،بەکارهێنانی ڕێگای کۆمیدی و تەنز ئامێزە. ئەگەر بێت و ئەو کۆمپانیانەی خاوەنی تیمی پرۆڤیشـــنالّی بن، ئەوا زۆر باش دەتوانن ریکلامی تەنز ئامێز (Funny) بەکاربهێنن و دروست بکەن.

ژیانی راســـتەقینەی خەڵک، دەتواندرێت لەرێگەی قســـەکردن و دیالۆگی راســـتەقینەی ژیان، بەپێکەنین گوزارشــتی لێ بکرێت. ئەمە دڵ رفاندن و ســەرنج راکێشــان لای وەرگر دروست دەکات. هەروەها رێگای کۆمیدی لە ریکلامی تەلەفزیۆنی، پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ بینەراندا دروست دەکات.

ریکلامەکانی تەلەفزیۆنی بەشـێوەی کۆمیدی پێشـکەش بکرێن، پێویسـتە رەچاوی چەند خالێک بکرێت:-

١-پێویستە بابەت و ریکلامەکە سادەو ساکار بێت.

٢- کەسـی کۆمیدی بنچینەیەکە بۆ ریکلامی کۆمیدی، بۆیە پێویسـتە هەمیشـە ئەو کەسـانە هەڵبژێریت کە سروشتێکی کۆمیدی و خاوەن بەهرەو توانایەکی کۆمیدیان هەیە.

٣- ریکلامی کۆمیدی لە توانایدایە بازرگانەکان، کۆمپانیاکان، دروست بکات یان بشکێنێت، بۆیە زیرەکی دانـایی زۆری پێویســـــتە کـاتێک کە بمـانەویت ریکلامێک بەکۆمیـدیـا پێشکەش بکەین.

## چۆنێتی ئامادەکردنی ریکلامێکی کۆمیدی بۆ تەلەفزیۆن

١-حاڵەتێکی ژیانی راستەقینە دیاری دەکەین، کە بەرهەمەکە یان خزمەتگوزارییەکە مانای پێشخستن یان بەبیرهێنانەوە بۆ ئەو حاڵەتە بگەیێنێت، چونکە گاڵتەوگەپ یان پێکەنین تەنها لە رێگەی نوکتەکردن نابێت، بەڵکو دەکرێت لە هەموو حاڵەتەکانی ژیان رووبدات.

٢- چارەسەری ریکلامەکە بنووسە کە بە زانیاری بنچینەیی دەست پێدەکات. بۆ نمونە:-

- پیاوێک خۆشاوی زەلاتە (ترش و خوێ یان سرکەی زەلاتە) تێبکاتە نێو زەلاتەیەک.
- یان ژنێک هەوڵ دەدات، قەپاغی شوشەیەک بکاتەوە.

٣- هاتنە پێشەوەی شێوازی کۆمیدی لە چوارچێوەی بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکە دەبێت.

بۆ نمونە:-

- لەو کاتەی پیاوەکە خۆشاوی زەلاتە دەکاتە نێو زەلاتەکە. لەپڕ زەردەخەنەیەکی گەورەو کۆمیدی دروست دەکات، کەوا پیشان دەدات بەتامترین و خۆشترین جۆری خۆشاوی زەلاتەیە.
- یان لەو کاتەی ژنەکە قەپاغی شوشەکە دەکاتەوە، بەڵام بۆی ناکرێتەوە بۆیە لەناکاو سوپەرمانێک بەشێوەیەکی کۆمیدی دێت و ئامێری کردنەوەی قەپاغی شووشەی لایەو بەئاسانی قەپاغەکە دەکاتەوە.

## جۆرەکانی ریکلامی تەلەفیزیۆن

لەکەنـاڵەکـانی تەلەفزیۆن، ریکلامەکـان بەجۆری جیـاواز دەردەکەون، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەچەند جۆرێکیان بکرێت:-

١- نمایشکردن و پیشاندان و دەرخستنی تواناو هێزی شاراوەی بەرهەمەکان بەوێنەو لە رێگەی بینینەوە.

- وەکو پیشـــاندانی هێزو توانای ماددە پاک کەرەوەکانی وەک ســـابون و تایت و شـامپۆو...هتد، کەوا وێنەی کەڵ و پەلەکان پیشـان دەدرێت بەر لەبەکارهێنان و دوای بەکارهێنانی ئەو ماددانە، تاوەکو تواناو کاریگەری دەربکەوێت.
- پیشـاندانی کەرەسـتەکانی ژووری چێشـت لێنان، وەک جۆری چەقۆکان لە قاژکردنی (پارچەکردنی) میوەو هەڵدرین و لابردنی سەری قوتوە کانزاییەکان.

٢- پیشـاندانی بەرهەمێک وەک رێگایەکی چارەسـەری بۆ کێشـەیەک یان بۆ پێویسـتەیەکی زۆر.

لەم جۆرە ریکلامانەدا، پێویستە سەرەتا کارێک پیشان بدەیت، کەوا بە تەواوی بۆ ژیان یان تەندروستی ناپەسەندەو باش نیە...پاشان پیشاندانی رێگا چارەسەری کە بەرهەمەکەی تۆیە. لێرەدا بەزۆری کێشەکە نوێیە.

- وەکو پیشـــاندانی دەرمانێک یان میکیاجێک بۆ چارەســـەری ئەو گرفتەی کاتێک زاوا سەیری دەم و چاوی بووک دەکات و زۆر دڵخۆش نیە.
- یان پیشاندانی مۆبایل لە شوێنی تەلەفۆنی ئاسایی، کاتێک کەسێکی بەتەمەن پەیوەندی پێوە دەکرێت و ئەو کەســـە هەوڵدەدات بگاتە تەلەفۆنەکە، بەڵام دەکەوێت و تووشـــی زیان دەبێت و ناتوانێت.

٣- بە وێنەو لە رێگەی بینین پیشـاندانی کێشـەیەک کەوا هەم کێشـەکەو هەم پیشـاندانی رێگا چارەســـەرییەکە زیادەرۆیی تێدا کرا بێت. نەمانی کێشـــەکە لە رێگەی ئەو بەرهەمەی کەوا وەک رێگایەکی چارەسەری پێشکەش دەکرێت.

- نمونە وەکو:- کەســێک تووشـــی هەڵامەت یان کێشـــەیەکی تەندروســتی بووە، بەجۆرێک کەوا دەم و چاوی وەک دەعبا پیشـــان بدەیت...پاشـــان لەو خواردنەی یان

خواردنەوەی کە پێشـکەشـی دەکەیت و ریکلامی بۆ دەکەیت، دەبێتە چارەسـەرییەکی بێ هاوتاو لە پڕو تەواو گونجاو.

٤- نیشـانەکردن بۆ سـود بەخشـین، پیشـاندانی ریکلامێک بۆ بینین کەوا ئەو بەرهەمە سودێکی بێ شومار بنێتەوە .

– وەکو ئەو نمونەیە کەوا کاریگەری خواردنەوەیەک زیاد لە پێویست پیشان بدەیت.

٥- پیشـانـدانی بەرهەمەکـان یـان بەکـارهێنەران وەک کـارێکی بەراوردکـاری یـان بەرامبەرکردن.

- وەک بەراورکاری نێوان دوو کات کە بەرهەمەکە دوو نرخی جیاوازی هەبێت.

٦- پیشاندانی بەرهەمێک لەرێگەی چیرۆکێکی وێنەیی.

ئەو شـێوە ریکلامە لە شـێوەی هۆنینەوەی چیرۆکدایە، کە ئەو چیرۆکە یارمەتی دەرخستن و روونکردنەوەو پیشاندانی سودی بەرهەمەکان دەدات. لە کۆتایی بەکارهێنانی ئەو بەرهەمە دەبێتە دڵخۆشبوونێکی گەورە لای بەکارهێنەر، چونکە سروشتی ئەو شێوە ریکلامە لە کۆتاییەکەی پێویستە هەستێکی باش لای بەکارهێنەر دروست بکات.

- وەک لەکاتی ریکلام کردن بۆ ئوتومبێلێک، چیرۆکەکە بە رۆیشـتنی ئاسـایی ئوتومبێلەکە دەسـت پێدەکات و قسـەکردن لە ناویدا بەئاسـایی دەروات...لە پڕ تووشـی کارەسـاتێکی گەورە دەبێت، بەڵام هێزو تواناى ئەو ئوتومبێلە لە زیانەکانی کارەسـاتەکە کەم دەکاتەوە.

٧- پیشاندانی چیرۆکێکی وێنەیی کەوا ئەنجامەکەی تەنها سوود بەخشین بێت...واتا تەنها لایەنی ئیجابی بەرهەمەکە بەبەڵگەوە بخاتە روو. یان باشـتر بڵێین ریکلامێک لە دواوە دەست پێبکات بۆ پێشەوە یان سەرەتا.

- وەکو:-ریکلام کردن بۆ کەرەسـتەیەکی ریش تاشـین بەبەڵگەو وێنەو چۆنێتی بەکارهێنانی پیشـان بدرێت، بەڵام لەسـەرەتادا چیرۆکەکە وا رێک دەخرێت... منداڵێک زۆر دڵی خۆشـە...چونکە ماچی روومەتی باوکی کردوە...سـافی و جوانی روومەتی ئەو باوکە دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی جۆرێکی باشی مەکینەی ریش تراشین.

- پیشـاندانی پیاوێک لە راودا...شـێرێک دەردەکەوێ...پیاوەکە هاوار دەکات و ترس لای هاورێیەکانی و لای بینەر دروسـت دەبێت...پاشـان دەردەکەوێت ئەو شـێرە سـەدان

مەتر لە پیاوەکە دوورە و ئەو بەیەکەوە بینینە دەگەڕێتەوە بۆ هێزی زوومی لێنزی ئەو جۆرەی کامیرا کەوا ریکلامی بۆ دەکرێت.

٨- شێوازی باسکردن و روونکردنەوەی ریکلامەکان لەرێگەی پێ ووتن، لە نێوان دوو کەس یان زیاتر کە هەردوولا ئەو بەرهەمەیان بەکارهێنا بێت و بۆ یەکتر باسی لێوە بکەن و باشییەکانی دەربخەن. ئەو شێوازە رێگای بێژەری یان پێشکەشکردنی پێ دەوترێت.

- وەکو:- دوو کەس وەک چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنی گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر دەکەن سەبارەت بە بەرهەمێک کە هەردوولا ئەزموونیان لەگەڵ ئەو بەرهەمە هەبێت و باشییەکانی ئەو بەرهەمە بۆ یەکتر باس دەکەن...خەڵک ئەو گفتوگۆیە دەبینێت و کاریگەری لەسەر دروست دەبێت.

٩- بەیەکەوەبەستنی بەرهەمەکان لەگەڵ هیواو ئارەزووەکانی گروپ یان چین و توێژە جیاوازەکانی خەڵک، کە دەبێتە دەرپەڕین و بارزبوونێکی گەورەی بەرهەمەکە یان کۆمپانیاکە. زۆرجار بە شێوەیەکی کۆمیدی دەردەکەوێت.

- وەکو:- ریکلام کردن بۆ کتێبێک بە پیشاندانی خوێندنەوەی کتێب لای گروپە جیاوازەکانی خەڵک (چین و توێژەکان).

١٠- بەکارهێنانی شێوازی لاسایی کردنەوەو خواستن:- خواستنی پارچە مۆسیقاو وێنەو ڤیدیۆ چیرۆکی شوێنی تر بۆ ریکلامێکی تازە. ئەگەرچی لایەنی تەمبەلی بەو شێوە ریکلامانە دیارە، چونکە شت لەشوێنی تر وەردەگرێ، بەڵام ئەو شێوازانە هەمیشە رەگەزی لەبیر نەچوونەوەو سەرنج راکێشانی خۆشییان تێدایە.

- وەکو:-هاوسەرگیری...لە نەبوونی شوێن دەچێتە خانوی بچوکی کرێ...ریکلام پیشاندانی خانوی تازە بە پێشەکی و کۆنتراکی نوێ دەخاتە روو.

## نووسین و نەخشەسازی سکرێپت بۆ ریکلام لە تەلەفزیۆندا

لە نووســـــین و دانانی ســــکرێپت بۆ ریکلامی تەلەفزیۆنی، چەند رێ و شــــوێنێک دەگیرێنەبەر، لەوانە:-

١-کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ ی A4 لە وۆرد، کەم جار پێویســـــت دەکات لە لاپەڕەیەک زیاتر پێویســـت بێت، چونکە بۆ ٣٠ چرکە یان ٤٥ چرکە یان ٦٠ چرکە تەنها پێویســت بەیەک لاپەڕە دەکـات. وە ئەگەر لە لاپەڕەیەک زیـاتر پێویســــــت بوو، ئەوا ژمـارە بەلاپەڕەکان دەدەین.

٢- نووسینی تایتلی ریکلامەکە لەسەرووی لاپەڕەکەدا بێت، لێرەدا دەکرێت لە ناوەراست یان لای راستی سەرووی لاپەڕەکە بنووسرێت بەم شێوەیە:-

- ناوی پرۆژەکە
- ناوی بەرهەمەکە

بەرهەم هێنەرەکە یان دەرهێنەرەکە (زۆر جار دەنووسرێت بەمەبەستی پێدانی زانیاری زیاتر)

٣- پاشان کردنەوەی خشتەیەک کەوا دوو ریزو دوو کۆلۆم بێت.

٤-لەلای راســــتی ریزی یەکەمی خشـــــتەکە یان لاپەڕەکە ڤیدیۆ دابندرێت و لەلای چەپی لاپەڕەکە ئۆدیۆ (دەنگ) دابندرێت.

٥- لەژێر (ڤیدیۆ)دا هەر لەقتەیەکی ڤیدیۆکە کەوا چی لەچیرۆک و ناوەرۆکی ریکلامەکە روودەدات بنووسرێت یان بە وێنە دابندرێت.

٦- لەژێر (دەنگ)دا ئەو دەنگانەی لە ریکلامەکەدا پێویستە دەرببڕدرێن، تییایدا بنووسرێت، بەڵام پێویستە دڵنیابین لەوەی لەبەرامبەر هەر ڤیدیۆیەکدا، دەنگ لە شوێنی خۆیدا بە راستی و رەوانی نووسرابێت.

٧- ژمارە بۆ لەقتەکان دابندریت و پاشــان جۆری لەقتەکان بە کورتکراوەیی بنووســریت، بۆ نمونە:-

١-(Close Up (CUی بەرهەمەکە یـان هەر بـابەتێک کە پەیوەنـدی بە بەرهەمەکەوە هەبێت.

٢- (Extremely Close Up(XCU ئەو پەڕی کلۆز ئەپ.

٣- Medium Shot  (MS) بۆ گرتەیەکی مام ناوەندی.

٤- Long Shot (LS) بۆ لەقتەیەکی درێژ.

بەردەوام بوونی تەواوی لەقتەکان تا تەواوبوونی.

٨- ئەگەر هەر لایەک، واتا ڤیدیۆ و دەنگ، هەر کامیان نووسین و شوێنی زیاتری پێویست بوو، ئەوا دەستکاری هێلی نێوان کۆلۆمەکان (هێلی ناوەراست) بکرێت و بیجولێندریت، تا هاوتاکردن و هاوسەنگ بوون و جێکردنەوەیان لەلاپەڕەیەکدا.

**نمونەیەک بۆ نووسینی سکریپتێک بۆ ریکلامێکی تەلەفزیۆنی**

- کارگەی دروستکردنی بنێشتی کوردی
- بنێشتی کوردی
- زانا زرار (یان دەکرێت کۆمپانیای کوردستان بێت).
- دەنگ و ڤیدیۆ
- باشترین بنێشت، بنێشتی کوردی
- بەرهەمێکی خۆمالی یە
- لەنێو سروشتێکی جواندا

له کارگەیەکی خۆمالیدا، کارگەی دروستکردنی بنێشتی کوردی ................

- له پێناو تەندروستیەکی باش و پارێزگاریکردنی ددانەکانت
- پەله بکه له کڕینی بنێشتی کوردی
- بنێشتی کوردی له شاری هەولێر و له بازاری شێخ الله و له دووکانی سمەی بنێشت به هەرزانترین نرخ دەست دەکەوێت.

وێنەی ئاسایی بنێشت

١- CUی پیاوێک به بەرگی کوردی

٢- LS ی پیاوێک لەگەڵ کۆمەڵێک دار لەنیو چیاکاندا

٣- MSی کارگەی دروستکردنی بنێشتی کوردی

٤- ..........................

٥- ................................

٦- ..............................

٧- .................................

٨- ....................................

٩- XCU ی پیشاندانی دەم و ددانێکی جوان لەگەڵ جوینی بنێشتی کوردی

- پیشاندانی کۆمەلێک ژن بەبەرگی ئاسایی گەرەک، کەوا ریز بوون بۆ بنێشت کڕین.
- پیشاندانی شوێنی فرۆشتنی بنێشتی کوردی،شاری هەولێرو بازاری شێخ الله و دووکانی سمەی بنێشت.

## سەرچاوە کان


### سەرچاوە کوردییەکان :

١. بەهادین احمد محمد ،ریکلام و پەیوەندی گشتی و بازار کردن ، لە بلاّوکراوەکانی سەندیکای روژنامەنووسانی کوردستان ،چاپی یەکەم ،سلێمانی ٢٠١١.

٢. دیاری عوسمان، هونەری بەرێوەبردن و بەرێوەبردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانییەکان لەهەرێمی کوردستاندا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٠.

٣. پ.ی.د.سامان جلال، ریکلام لە راگەیاندنی کوردیدا، هەولێر ٢٠١٩

٤. غازی حەسەن ،هونەری ریکلام ، دەزگای بارزان نیوز بۆ تویژینەوەو راگەیاندن ،هەولێر ، ٢٠١٠.

٥. مالکۆڵم ئێف. مالێتی، هاورێی رۆژنامەنووسان، کۆمیتەی جیهانی رۆژنامەگەری ئازاد، چاپی یەکەم، ١٩٩٨.

٦. محەمەد فەریق حەسەن، دەسەڵاتی چوارەم و زمانی تەلەفزیۆن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٧.

### سەرچاوە عەرەبییەکان :

١.احمد عادل راشد ،الاعلان ،دار النهضة العربية للطباعة والنشر ،بيروت .

٢.اسامة ظافر كبارة، برامج التلفزيون والتنشيئة التربوية والاجتماعية للاطفال، دار النهضة العربية، الطبعة الاولى، بيروت– لبنان ٢٠٠٣.

٣.بشير العلاق ،ادارة الحملات الاعلانية ،دار اليازورى العلمية للنشر والتوزيع ، طبع الاولى ،الاردن – عمان ، ٢٠١٠،

٤.بشير العلاق ،الابداع والابتكارية فى الاعلان مدخل تطبيقى ،دار اليازورى العلمية للنشر والتوزيع ، طبع الاولى ،الاردن – عمان ،٢٠٠ ٩،

٥.بشير العلاق ،الاعلان الدولى ،دار البازورى العلمية للنشر والتوزيع ،عمان– الاردن ،٢٠١٠.

٦. د. هانى الرضا – د. رامز محمد عمار، الراى العام والاعلام والدعاية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، طبع الاولى، لبنان ١٩٩٨.

٧. رجاء محمود ابو علام، مناهج البحث فى العلوم النفسية والتربوية، دار النشر للجامعات، القاهرة، ١٩٩٦.

٨. رستم ابو رستم ،محمد ابو جمعة ، الدعاية وة الاعلان ،المغتز للنشر والتوزيع ، عمان ، ٢٠٠٣.

٩.روجر ويمر و جوزيف دومينك، مقدمة في اسس البحث العلمي (مناهج البحث الاعلامي)، ت. د. صالح خليل أبو اصبع، ط٢، ،عمان، دار ارام للدراسات و النشر و التوزيع، ١٩٩٨.

١٠. سعد سلمان المشهدانى ، الاعلان التلفزيونى وتاثيرة فى الجمهور ، دار اسافة للنشر والتوزيع ،طبعة الاولى ،الاردن –عمان ،٢٠١٢.

١١.سمير محمد حسين، بحوث الاعلام: الاسس والمبادى، عالم المكتب، القاهرة، ١٩٧٦.

١٢.صفوت محمد العالم ، الاعلان الصحفى وتخطيط الحملات الاعلانية ،مكتبة النهضة المصرية ، الطبعة الثانية ،قاهيرة ، ٢٠٠٤.

١٣.طاهر محسن الغالبي، احمد شاكر العسكري، الاعلان مدخل تطبيقي، دار وائل للنشر، عمان ٢٠٠٣.

١٤.عبدالوهاب ابراهيم ابوسليمان، كتابة البحث العلمي صياغة جديدة، ط٦، جدة: دار الشروق للنشر و التوزيع، ١٩٩٦.

١٥.فاربى ، عبد الحكم احمد الخزامى ،فن الاعلان (كيف تنجح وتدير اعلانا فعالا وحملة اعلانية ناجحة) ،دار الفجر للنشر والتوزيع ،طبعة الثالثة، القاهرة ، ٢٠٠٨.

١٦. فليح عبدالزهرة الزبيدى، فن البيع والاعلان، الطبعة الاولى بغداد ١٩٨٨.

١٧. كمال خورشيد مراد ، الاتصال الجماهيرى والاعلام .التطور– الخصائص– النضريات ، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطبعات ، عمان – الاردن ،٢٠١١.

١٨. محمد رفيق البرقوتى ، صادق راشيد ، واخرون ،فن البيع والاعلان ،دار القاهرة للطباعة.

١٩.محمد سيد محمد، وسائل الاعلام (من المنادى الى الانترنيت)، دار الفكر العربى، الطبعة الاولى، القاهرة ٢٠٠٩.

٢٠. محمد عبدالقادر احمد، دور الاعلان فى التنمية، الطبعة الاولى بغداد ١٩٨٢.

٢١.محمد على البدوى، دراسات سوسيو اعلامية، دار النهضة العربية، بيروت ٢٠٠٦.

٢٢.محمد فريد محمود عزت، قاموس المصطلحات الاعلامية– انكليزى– العربى، داروالمكتبة الهلال للطباعة والنشر،بيروت– لبنان ٢٠٠٨.

٢٣. محمد منير حجاب، اساسيات البحوث الاعلامية و الاجتماعية، دار الفجر للنشر و التوزيع، القاهرة، الطبعة الثالث، ٢٠٠٦.

٢٤.مزروق عبد الحكم العادلى ، الاعلانات الصحفية دراسة فى الاستخدامات والاشباعات ،دار الفجر للنشر والتوزيع ،الطبعة الاولى ، القاهرة ، ٢٠٠٤

٢٥.مصطفي حميد الطائي، مناهج البحث العلمىء تطبيقاتة في الاعلام، مصر، ٢٠٠٧.

٢٦. منى سعيد الحديدى ،ا.د. سلوى امام على ،الاعلان –اسسة –وسائلة – فنونة ،الدار المصرية اللبنانية ،القاهرة ٢٠٠٥.

٢٧. نائل عبدالحافظ العواملة، اساليب البحث العلمي، ط١، الاردن، الشارقة العالمية للاستشارات الاكاديمية ١٩٩٧.

٢٨. نجم عبد شهيب واخرون، الدعاية والاعلان فى السينما والتلفزيؤن، مكتبة المجتمع العربى للنشر و الطبع، عمان– الاردن ٢٠٠٧.

٢٩. نيل باريت، الاعلان على الانترنيت، بيت الافكار الدولية، امريكا ١٩٩٨.

٣٠.هويدا مصطفى ،الاعلان فى الانظمة الاذاعية والمعاصرة ،الدار المصرية اللبنانية.القاهرة ١٩٩٩.

٣١.يوسف المرعشلي (اعداد)، اصول كتابة البحث العلمي و تحقيق المخطوطات، ط٢، لبنان، دار المعرفة للطباعة و النشر و التوزيع، ٢٠٠٦.

**نامەی ماستەر:**

١. زينب ليث عباس محمد ، الاساليب الفنية للاعلان فى شبكة المعلومات العالمية ،دراسة مسحية الاساليب الاعلانية فى موقع مكتوب عبر الانترنت ، رسالة غير منشورة.بغداد ، ٢٠٠٥.

٢. سلام نصرالدين محمد، اتجاهات الجمهور الكوردى ازاء الاعلانات التجارية في القنوات التلفزيونية الكوردية، رسالة غير منشورة، جامعة سليمانية– كلية علوم الانسانية– قسم الاعلان، ٢٠٠٨.

**سەرچاوە فارسییەکان:**

١. الدڤين هانتلى، چگونه يك اگهى تلويزيونى بسازيم؟How to Creat Effective Tv Commericials وەرگێڕانی بۆفارسی گرشاسبی حەمید،بلاو کراوەکانی سروش تاران،ساڵی ٢٠٠٤.

**سەرچاوە بیانییەکان:**

١. Otkem Ebru Amil,REKLAM VE REKLAMCıLIK,Ankara kazim karabekir eğitim fakültesi yayınları,2003
٢. Suat Sungur,Bilinöaltı Reklamcılık ve Toplumsal etkileri,İstanbul İletişim Fakültesi Dergisi,say
٣. Üstün ÖZEN, Ahmet SARI, İnternet Reklamcılıgı: İnternet Kullanıcılarının İnternetReklamcılıgı Konusundaki Tutum ve Davranısları, BİLİSİM TEKNOLOJİLERİ DERGİSİ,İSTANBUL, CİLT: 1, SAYI: 3, EYLÜL 2008
٤. ADOBE (2017), Toolbox overview [online] Available from: https://helpx.adobe.com/indesign/using/toolbox.html [accessed 5/4/2018].
٥. *Catherine Hudgins (2019)*7 Elements of Print Advertising. [Online] Available from: https://smallbusiness.chron.com/7-elements-print-advertising-15325.html. [Accessed 10/2/2019].
٦. Derrick Daye (2010), 10 Principles of Advertising. [Online] Available from:
٧. Eser (2015), 6+ Types of newspaper ads Marketing Tips. [Online] Available from: http://tinobusiness.com/6-types-of-newspaper-ads-marketing-tips. [Accessed 2/2/2019].
٨. https://www.brandingstrategyinsider.com/2010/10/10-principles-of-advertising-bill-bernbach.html#.XIEaXKByjIU [accessed 1/2/2014].
٩. Meg Reid (2018), The 6 elements of design. [online] Available from: https://99designs.com/blog/tips/elements-of-design [accessed 1/2/2019].

**سایتە ئەلکترۆنیەکان:**

١. Mustafa,Duran,Pazarlama ve akılda kalanlar,birinci bölüm, - ‘ www.kobitek.com/makale.php?id=93.
٢. **دانشنامه فارسى، شناخت سير تحول آگهى‌هاى تجارى تلويزيون،** http://vista.ir/article/213833
٣. **عبدالرضا فريدزاده، بايدها و نبايدهاي پيام هاي بازرگاني،** http://www.rasekhoon.net/article/Print-10881.aspx
٤. http://communication.akbarmontada.com/t1710-topic
٥. اهمية-الاعلان-في-الاقتصاد/// sheerq.com/blog٣http:

٦. حسین شریف زادگان، ادبیات آگهی‌های بازرگانی تلویزیونی، http://ictblog.blogfa.com/post-374.aspx